# فڕین
# ئەندێشەکانی
# پۆرترێتی

شیعر

# فڕین ئەندێشەکانی پۆرترێتی

سەردار حەمید (ڕۆڕێ)

چاپی یەکەم

٢٠١٤

# پۆرترێتی ئەندێشەکانی فڕین

## سەردار حەمید ( نۆڕی )

شیعر

٢٠١٤

- ناوی کتێب: پۆرترێتی ئەندێشەکانی فڕین
- نووسەر: سەردار حەمید ( نۆڕیٚ)
- بابەت: شیعر
- تایپ و هەڵەبڕ: نووسەر
- دیزاینی بەرگ: دارا حسێن ( داریان)
- دیزاینی ناوەوە: سینا حکیم زادە
- وێنەی هەردوو بەرگ: ( سلڤادۆر دالی) .
- نرخ: ٥٥٠٠ دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٤
- چاپخانە: تاران

ژمارەی سپاردن: ژمارە ( ١٣٠٣ )ی ساڵی (٢٠١٤)ی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان پێدراوە.



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

**پێشکەشە بە:**

دایکی ئەزیزم ( **گەلاوێژ** ).

دایکی شیعر ( **ڕۆژ هەڵەبجەیی** ).

دایکی ڕۆڤار و شایار ( **خەدیجە** ).

پێشکەشە بە:

مامۆستای خۆم ( **مامۆستا محەممەد ڕەشید** )

هاوڕێم ( **مامۆستا ڕزگار** ).

کە هەمیشە بەوپەڕی ئازادییەوە گوێیان لێ گرتووم.

بە شکێنەری ( بت )ەکان، نووسەری ڕۆمانی

( دواهەمین هەناری دونیا ) پێشکەشە.



# پێرست


لە جیاتیی پێشەکی..........................٩
هەرچەندە من، ڕێوانێکی هەڵەبەریش نیم............١١
گەڕان، لەقولاییەکانی بێ ماناییدا..............٢٣
فیستیڤاڵی کوشتن..لە بەهەشتی نیشتیماندا ......٣٧
چوارینەیەك/ دیلی دیل.......................٥٤
مەڵۆیەك ڕازیانە... بۆ خڕترین...................٥٥
دوو شیعری (شێوازی کلاسیك)....
١- ڕۆژە کچێ................................٦٥
٢- سەوداسەری (نامەیەك بۆ....................٦٩
فەلسەفەی عیشق..دەچێتەوە سەر فیراق...........٧٣
بڕوانن..! مرۆڤ چۆن گیرۆدەی ژیان بووە..........١١٩
خودایە..لە جوانی و جواناوی خۆتم هەڵژەنە.....١٣٣
ئەی سپەهی..............................١٤٣
ئاخ..، ئەگەر پیاوان ..هەموو مرۆڤ بوونایە......١٤٩
بۆ زۆر بەڕێز/ فەرهەنگی شیعر..................١٦١
تۆ چیت..؟....................................١٦٣
بێ هودە.. هەر خەریکی..
کۆکردنەوە و لێدەرکردنی وردە ژیانم............١٦٧

# له جیاتیی پێشەکی...

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕو گــەوهــەرە، ئەمــــا
غــەوواصــی دەوێ، یــەعنــی بــە تــەعقــیمــی بزانــــە.

( نالی )

دەمێکە شـاری پـڕ شـۆری مـەحـەبـبـەت مـاتو خـامـۆشـە
بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم ، چ بکــەم؟

( مەحوی )

وتی: ( مــەحوی ) مـنو تــۆ ئـافتـابو سـایــە تیــمسـالیـن
جەنابی من کە دەرکەوتم، دەبێ تـــەشریـــفی تـــۆ بــڕوا.

" ئەوان خەریک بوو دەگەیشتنە ئەوەی کە ئەوان بۆیە ئازادن،
چونکە پیرۆزی شەرم دەکاتو نایەتە ناو گواوەوە.

**<u>لەزەتی ئازادی لەوەدایە کە هیچ کتێبێکی پیرۆز لە ژیانتدا نەبێت.</u>**

بەو مانایە بێت لە تەنیشت هەموو کتێبێکی پیرۆزەوە زیندانێک هەیە، دەشێ
سەختترین زیندانیش هەر ئەو زیندانە بێت کە لە تەنیشت کتێبەکەوەیە.

لە تەنیشت هەموو کتێبێکی پیرۆزەوە قامچییەک هەیە."

لاپەڕە ١٣٥-١٣٦

لە ڕۆمانی " نەتەوەی زێرابەکان"ەوە.

جەبار جەمال غەریب

چاپی یەکەم- ئەندێشە



**هەرچەندە من،**

**ڕێوانێکی هەڵەبەریش نیم...!**



## هەرچەندە من،
## ڕێوانێکی هەڵەبەریش نیم...!

زۆر بە هێمنی دەچمە گژی گیاکاندا و
پێیان دەڵێم:
ئیتر، مەترسن لە پژمەکانی پژتێنی لەقلەق،
هەرگیز ڕەزیلی لەسەردەرهێنان مەکەن..
شەونمی بژوێن برازێننەوە،
هەتاو، لەبەر ئێوەیە تا هەنووکەش هەر زیندووە..
دەنا، دەمێکە،
لە هەوڵی خۆ فڕێدانە ئەودیوی ژیاندایە،
ئێوە، ئەگەر تووشی زەردوییش بن..
ستیانەکانتان هەر پڕن لە ئومێدی گوڵستان.

**پێیان دەڵێم:**

**ئیتر منیش...**

**ڕیشی حاجی لەقەلەقێ دەگرم و..**

**ئەمجارەیان،**

**ڕێگەی ماڵی ( زیۆس)[1] ی هەڵە نیشاندەدەم..**

**گەر جارێتر ویستی بڕواتە ئەوێ،**

**ئاراستەی گوڵخانەی ڕێی ( لۆڤەر )ی دەکەم..،**

**تاکو لەوێ..**

**لە ( مۆنالیزا )[2]وە،**

**فێری هونەری دانیشتنی خونچە ببێ، لەسەر ئەسکەمیل،**

---

١- زیۆس: خوای خواوەندەکانی یۆنان بووە .

٢- مۆنالیزا: تابلۆ بەناوبانگەکەی هونەرمەندی ئیتالی(لیۆناردۆ داڤینشی)یە، وەك دەڵێن بە ماوەی چوار ساڵ تەواو بووە، مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (شازدە)، واتە قۆناغی ڕێنیسانسی زێڕین. بەلاّم ئێستا لە(لۆڤەر)ی فەرەنسایە.

ببینێ..، دڵتەنگییەکەی..

تاڤگەی هونەری چەند باڵابەرزتر کردووە..

گۆزەی پۆرترێتی* ئەندێشەکانی فڕین...

بە زەردەخەنە زەردەکەی..

چەند تژیترە لە ئاسمان..!

کە دەمی پڕ دەبێ لە مەی،

بە گیاکان دەڵێم:

دەمەوێ حاجی ببینێ،

ئاونگی گۆناکانی ژنێتی..

چەند جوان دەنیشنە سەر کەژی مرۆڤایەتی..!

---

* پۆرترێت: زاراوەیەکی هونەرییە، بە واتای وێنەی مرۆڤ، وێنەی دەستکرد، وێنەی زەیتی ڕوخسار. portrait

**فێرببێ..**

**گوڵی ئارامگرتن بگرێو**

**بە درێژایی چوارجار سکپڕبوونی گۆپکە..،**

**لە بەردەم پەرستۆی نیگارکێش دانیشێ و**

**هەندێ جاریش،**

**چەند گەڵایەک حەیران دەرکا و..**

**هەرگیز نەهێڵێ ڕدێنیشی چرۆ بکات،**

**تۆپێک گوێزانیش لە ڕووباری ڕاین* قەرز بکات..**

**بۆ ڕیشتاشینی گوێزەکان،**

**تاکو زارۆکان لە گەمەی ماتانێیاندا..،**

**ئیتر چووزەرەی ترس لەدڵیان دەرنەچێ،**

---

* ڕووباری ڕاین: ڕووبارێکە لە ئەورووپا، بە ناو چەند وڵاتێکدا تێدەپەڕێت، یەکێك لەو وڵاتانەش فەرەنسایە.

بزانێ..

کە چەندان ئینجانەی گڕوگاڵو..

چەندان سوزگی، بۆ ئاوێتەو ئامبازبوونی تریش هەیە،

نەوەک..

فێرببێ، وەک ( مەلا- ریا)..

پلیکانەی تەمەن تووشی لەرزوتای سڕینەوە بکات،

بزانێ..کە،

موورووخولانەوە بە دەوری هێزەیەکدا،

زێڕ بە فیرۆدانێکی زیادەیە..!

لەوە گرنگتر..،

ڕوانینی شاکارێکی باڵاڕوانییە.

با بزانێ..

زۆر شوێنی تریش هەن..،

بۆ فێربوونی، کردنە دەزووی زەنگیانەی ژیانەوە،

زۆر ڕێگەی تر، دەمانبەنەوە نێو هێڵینە فیردەوسییەکان،

زۆر موناجاتی ئەسرینیی تر

دەمانخەنەوە ناو پێکەنینی پێکی کانیاوێک،

**فێرببێ..**

**گوێڕادێرێ، بۆ سۆڵۆی* ڤیولینێکیش..****

**کە لە خلیسکانێی قاچەکانی کوللەیەک دەڕژێ،**

**بۆ سۆڵۆی پیانۆیێ..**

**وا لە ئەنجامی ختوکەدانی خودی سیسارکەیەک..**

**ژیان پڕ دەکات لە بێدەنگی،**

**بەمەرجێکیش،**

**بە ئاوی کوفر نەیانشواتەوە و..**

**لەسەر سفرە و خوانی کۆترەکانی یادگارییش..**

**نەیانکوژێنێتەوە..!**

---

*سۆڵۆ: زاراوەیەکی هونەریی مۆسیقایە، بەواتای ئاوازێکی مۆسیقیی تاکەکەسی دێت، solo .

**ڤیولین: کەمان violin .

هەر لەوێ.. ئەوەش ببیستێ،
کە، زیاد لەسەدەیەکە..
یەزدان، پەیوەندیی بە ژیانو..
بە مرۆڤــ و بە زەوییەوە پچڕاوە..!

فێرببێ..
بە هاوسێبەرە ئازیزەکەیشی بڵێ:
وەرە، ئیتر...
با لە هێلانەی هێڵەکانی ( داڤینشی ) دا..
فێری فەلسەفەی نووستن بین،
لە ڕەگەوە، بۆ نیانیەکانی غوربەت سەربکەوین و..
لە لۆچی جلە شەوانەکانی ( مۆنالیزا )ش، دابگیرسێین،

پێی بڵێ:

" هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو..

حەددی چییە ( حاجی ) کە بڵێ: ماچە کەفارەت.؟!"*

حاجی..فێربێ،

بە ئازیزەکەی خۆی بڵێ:

وەرە، ئیتر...

با پەژیوانیی یەکجاری دەربڕین،

لە ڕوو کردنە ماڵی ( زیۆس )..

پێش ئەوەی،

غەریزە ئاوەز بکاتە ماڵی هەمیشەیی خۆی،

بەرلەوەی، چەند سەرکێ مردن کۆ بکەینەوە و..!

گەڵاکانی چاوەڕوانیشمان..

بە دیار تەرمی لێخۆشبوونەوە هەڵوەرن،

*دێڕێك شیعری (نالی)یە، بەلاّم من بە زمانی حاجی لەقلەقەکەوە دەرمبڕیووە.

**بێژێ:**

**بۆ لەمەو لا...**

**بە دەم دۆشینی تەنافەکانی بارانەوە..،**

**ئیتر..،**

**هەرکە، میوەی ماچەکانمان گەیین..**

**بە ئارامیو ..**

**بە بێ ترساندنی باوانی کلاّفەکان،**

**لە ناو چاوە میهرەبانەکانی گوارەی شیعریشدا..**

**خۆمان دەشۆین.**

**٢٠١٤**



# گەڕان..
# لەقوڵاییەکانی..
# بێ ماناییدا.. !



# گەڕان..
# لەقوڵاییەکانی..
# بێ ماناییدا..

نەسیمی هەور ماچم دەکاو..
عومری درێژی زنارێکی* مەمک زلی..
بێ ستیانم پێ دەبەخشێ،
کە دڵۆپەیەکی پڕ تاسەی بەرکەوتبێ..،
لە نیوەڕۆیەکی پڕ تەموزدا..

---

*زنار : گا بەرد، بەردی زۆر گەورە.

**دەزانم شەوێک دێت ڕۆژی تیا ناکەمەوە**

**دەبێ دەستپێبکەم تا زیندووم،**

**دەست بە گەڕان، بەدوای نهێنیی مانادا**

**بەدوای هیچدا دەگەڕێم!**

**کە هەموو ئومێدێکی پەمەیی تیایە،**

**بەڵام بێ دوودڵی...**

**چاوەڕوانی ئێوارەبوونێکی بۆنمێخەکییشی لێ ناکەم**

دەگەڕێم...دەگەڕێم...دەگەڕێم...

دەست بە گەڕان دەکەم،

گەڕان بەدوای دابەزین بە گەورەییداو..

دووبارە سەرکەوتنەوە بە منداڵیدا،

بەدوای دەفرێ چاوی وشکا..

پەلکە زێڕینەکانی پرچی هەتاوی پێ تەڕ بکەم،

بەدوای سەمای کوکوختیەکی قوڕاوی

لە تەنیاییی زستانێکا

بە هەناسەی..گەرمم بکاتەوە، بێ یەکبوون،

**بە دوای سمتی هەرمێیەکی دەرپێ سوردا..**

**چاوە زەردەکانی هەنگ تەماحی نەکردبێ و**

**تامی قاچی پەپوولەی نەچەشتبێ و**

**خەون لێی نەپەڕیبێ،**

**گەڕان بەدوای گەمەیەکی جواندا..**

**وەک گەمە جوانەکانی (ئەو)..،**

**پاک و بە ناز و پڕ فەنتاسیا،**

**بەدوای شیعرێکی بەهارانەی ( جەنراڵی پاییز )،**

**باس لە هەناسەی وەرزە سەوزەکانی..**

**نیوەشەوێکی هەتاوئامێزی دوونەفەری بکات،**

بەدوای بەلوعەیەکی دەمشڕدا...

لێوار چاوی کیژۆڵەیەک لێی نەترازابێ..

ماچی گەورەکچێکی شاعیر.،

لەسەر دەسکەوانەکەی نووسرابێو

بیخەمە ژێر پێڵووەکانم بۆ ساتێک ئارامی،

بەدوای تابلۆیەکی ئەبستراکتدا...

واتای ژیان لە مەرگ دارنێ،

بە هارمۆنیای ڕەنگ‌و سیمفۆنیایەکی "بتهۆڤن"

بەدوای پارچەکەی ترمدا..
تا کاملْ ببم، لە بێ هۆشیو گەمژەییو حەسودی،

گەڕان بەدوای لەتێ ڕاستگۆیی..
لەبەرپێی شەهێنی شاری شیعرا.،
لەتەکەی تری بۆ زیاد بکەم..
بۆ پیرۆز ڕاگرتنی لەناخی وەرزەکاندا،

بەدوای ڕۆشنایی چاوی شەمشەمەکوێرەیەکدا
لەگوێسەبانەی دەیجوردا، عاریفانە...
پرشنگی دزەنیگاکانی ڕۆژم بۆ تەفسیر بکات

**بەڵام...،**

**بەدوای مێزەرێکی سپیدا ناگەرێم...**

**تا بەیادی مناڵیمەوە،.. جارێکی تر!**

**سورەتی ( فیل ) لەباوەشیدا فێر ببمو**

**وەک فیلی مناڵباز،**

**لوتە زلەکەی بخاتە سەر شانم،**

**چونکە زۆرن.. ئەوانە ،**

**لەهەر شوێنێ،**

به دوای سروتی گەنمێکی کوێردا دەگەڕێم،
گۆپاڵێکی پێ بهۆنمەوە بۆ چاڵیی چاوی باپیرەم..
تا ڕێگای دەستەکانی پێ دەربکات...
چون بەرێوەبەری کارەساتەکانی ژیانمە،

بەدوای سرودێکی مەیلەومۆردا...
چەشنێ، ویژدانی شیعری تیا چێنرابێ،
بیکەم بە مارشی موقەدەسات بە زاری ( ئەو )،

بەدوای ڕۆژنامەیەکی لاپەڕە سپیدا...
وەک ئاوەزی زارۆکانێ،
کە بە وانەی پیرۆزی و خۆشەویستیی تیرۆرو
جوانکاریی ڕەشەکوژی گۆشناکرێن

بەدوای خوێنی کوللەیەکی زەبەلاحدا...
دەرخواردی جەلادەکانی بدەم،
لە باتیی خوێنی مرۆڤە بێ دەرەتانەکان

بەدوای هەسارەیەکدا دەگەڕێم...
مرۆڤەکانی لە مرۆڤ بچن لە پێکهاتەدا،
خاکەکەی گوڵی هۆشبەر بەرهەم نەهێنێ،
گەنجەکانی لە چاوی یەکتردا بژین و
مالوسانە ڕەونەکەن لە ترساندا،

بەدوای یاسایەکدا وێڵ دەبم...
پەشیمانییەکی سور لە فەلسەفەکەیدا نەبێت و
مرۆڤبوونی تیا سنوردار و چوارچێوە نەکرابێ،

بەدوای شارە مێروولەیەکی سپیپێستدا..
گەنمەکان لەتلەت نەکەن و
لە هەڵەکانی یەکتر خۆشبن و
دژی مێروولە ڕەشپێستەکان نەجەنگن،

بەدوای سێبەری مەرگی..
ڕیشۆڵەیەکی دەنووکپاک و بەستەزماندا،
پەنجەکانی پێی، مۆری خیانەتی نەکردبێ و
دەنکە جۆیەکی نەکردبێتە پیاڵەیێ بیرە و
نۆشی پەروانەیەکی پرتەقاڵیی نەکردبێ،

**بەڵام..........**

**ناگەڕێم بەدوای کەللەخانەیەکدا...**

**کە جمجمەکانی زمانپاراو و ڕەوانبێژتر بن لە ئێمە،**

**چونکە زۆرن ئەوانە...**

**لەهەر شوێنێ!**

**دەگەڕێم بەدوای مانایەکدا...**

**تا، چیتر..**

**چاومان داخ بکەین و زمانیش قفڵ!**

**ئەم هیچە پڕ مانایانە...**

**کەس پەییان پێ نابات،**

**جگە لە خۆم و خۆم،**

**دەگەڕێم بەدوای گەڕانەوەو**

**گێڕانەوەیەکی ڕاستگۆیییانەدا،**

**بەڵام نییە،**

**سەرم ناکەوێ،**

**بۆیە، یەکەم کەس خۆم...**

**ئەوا قەلاپی قوڵفی زمانم دەگرمو**

**بە پێلەقە...قفڵی دەدەم،**

**ئیتر بێ مانایی بەسە!**

**ئێوەش هەروا...**

**لە قولاّییی بێمانابیدا قفڵی بدەن،**

**لێرەوە دەست پێ دەکەمەوە..،**

**لە سەرەتاوە کۆتاییم پێ هێنابوو.**

٢٠٠٨

**پێشکەشە بە ساتەکانی خورپەی ڕۆحو ترپەی دڵم،**

**بەچاوە ئەفسوناوییەکانی (ڕۆژ هەڵەبجەی)ی شاعیر.**

---

لە ژمارە( ٣٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ی گۆڤاری (هەنار)دا بلاّو بۆتەوە.



# فیستیڤاڵی کوشتن..

# لە بەهەشتی نیشتیماندا ..!

# فیستیڤاڵی کوشتن..
# لە بەهەشتی نیشتیماندا..!

( گشتیان دەڵێن: ئەگەر خۆشمان خۆمان نەکوژین،
ئەوا، پاڵەوانەکانی نیشتمان هەر دەمانکوژن..! )

(٠)

**عیشق دەڵێ:**
**بە حوکمی گۆرانییەکانی گوناهــــ ،**
**ئێمە وەختی خۆی،**
**بە پێی ماددەی ژمارە سفر..**
**لە یاسای سزادانی ژیان،**
**بە تاوانی..مژینی**
**پرووشەی هەناسەکانی گزنگ‌و**
**خواردنی تۆزێک لە بۆشاییەکانی ژین**
**لەوێ دەرکراوین،**

**بۆیە ئێمە،**

**تازە بووینەتە..**

**خەڵکی نەخشاندنەکانی سەرباڵی پەپوولە،**

**نەک ئەوێ..**

**تازە، ئێمەی عیشق..**

**نیشتیمانیشمان ئەو قەدەرەیە..،**

**ئەمڕۆ..**

**سبەی..**

**لێی دەبین بە سووتوو.**

(١)

**پەروانەیەک...**

**لەسەر چڵێکی ژیان سەمادەکات..**

**بەجریوەی پاسارییەک،**

**بێزارە لە بوون..**

**عاشقی مەرگ..!**

(٢)

**شەختە لەگوڵ دەپرسێ:**

**ئەرێ تۆ نیگەران نابی، کە دێمە سەرت؟**

**گوڵ دەڵێ:**

**بەمەرجێ، گەرمم بکەیتەوە..**

**وەک هەناسەی خوا ،**

**نەک ڕووت!**

**(٣)**

**لەشەرمەزاریدا نییە..**

**گەڵا ڕەنگی زەرد دەبێ و**

**دەکەوێ بەسەر خۆ فڕێداندا..**

**ئەوە ڕێز لەبوونی خۆی دەگرێ و**

**کورسییەکەی بۆ یەکێکی تر چۆڵدەکات.**

(٤)

**کەوێک..،**

**بە قەنارەی پرچەکانی قەفەز دەڵێ:**

**تۆ نەسلی فڕینت بیر بردوومەوە ،**

**ئەگەر، هەر پەنجۆڵە خوێنینەکانی منت دەوێ..**

**ئەوا، لە جێی ئەوە..**

**چەپکێ لەخۆکوشتنی خۆمت پێشکەشدەکەم،**

**تۆش، هەر بۆ دڵنەواییەکانی فڕین،**

**پێمبڵێ: خۆتخۆش.**

(٥)

ــ با ــ ڕیشی سپی دەبێ،
لە خوا دەپاڕێتەوە،
ئیتر هەناسە نەدات..
بۆ تێکشکاندنی ژیان.

(٦)

**بەرد زمانی ناپژێ..،**

**تا ڕقی هەڵنەسێنی،**

**بەدەوری خۆتدا..**

**کاتێ لەماڵۆچکەیەکدا دیلی دەکەی،**

**یان وەک بەستەزمانێک..**

**ڕێگەی ماڵی کوشتنەکانی نیشاندەدەی.**

(٧)

**ماسی کە لە مەرگ ڕادەکا..،**

**ئەوە عاشقی ئاوە..**

**کە ناگاتە ناوەوەی،**

**هەردەم بە دوایدا ڕادەکات و**

**لەم کەینوبەینەشدا..،**

**هەمیشە سەری تیادەچێ.!**

**خۆش ژیان.!**

(٨)

**بولبول،**

**کە بە چەندان ئاواز دەخوێنێ..،**

**ئەوە، بەدوای...**

**ڕەسەنایەتیی دەنگی خۆیدا دەگەڕێ..**

**تا، بیدۆزێتەوە ..،**

**هەرگیز ناتوانێ..**

**هاکا ئاوازەکانی تیا خنکێنرا..**

**بێ مەبەست لە لقی ماچێکا.**

(٩)

سەرەڕۆبوونی خۆی نییە..

کە سەری دەکێشێ بەمەرگا..،

ئەوە عیشقە پێناسەی دەکا،

تا نەمر بێ..،

تریفەی زیوینی مانگ..،

(١٠)

زەردەپەڕ..
کە سەردادەنوێنێ بۆ ڕۆشتن..،
تاریکی فێری ڕێز دەکا.،
تا، دوای گەڕانەوەی ،
لە کازێوەدا..
ئەویش لەبەری هەستێو..
لەجێی خۆی داینیشێنێ..،
هەتا، دوناو دونی مەرگ.

**(١١)**

**دار...**

**کە باوەش بۆ ئاگر دەکاتەوە..**

**دەیەوێ بیگوشێ بەخۆیەوە،**

**تا ئۆرگازم،**

**چوزانێ..**

**مەرگ هێندە عاشقێتی،**

**تابووتەکەشی هەر لەخۆی دروستیدەکات..!**

**(١٢)**

**مێرگوزارێک،**

**لە پێشبڕکێی جوانترین کوشتندا،**

**زۆر میهرەبانانەو بێ دوودڵی..**

**بە کوشتنی خۆی،**

**ڕاستەوخۆ..،**

**خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵەکەی بردەوە.**

(١٣)

**ئەوی ئازا،**

**واتە، ئەوی بێ ئومێد لە ژیان،**

**ئەو نازناوە،**

**مەدالیای شەڕی براکانە لە ملیدا..**

**بۆیە، تاکو ئێستاش هەر دیلی مەدالیایە.،**

**مردووی نێو زوڵمەتە،**

**یان هێشتا زیندووی نێو یادگارییەکانە؟**

**لە ژوورە ئەنگوستەچاوەکانی بنی قەڵادا،**

**نازانم......،**

**ئەوی عاشقی مەرگ و مەدالیا،**

**ئەی بۆ بە شوێنیدا نەگەڕێین..؟**

**با ئیتر بەس بەهەر یەکێکمان بڵێت:**

**" ئەفسوس کە من‌وتۆ هەرگیز یەکتر نابینین"ەوە،**

**نەک لە ڕێگەی کاسێتەوە،**

**بەڵکو با ڕووبەڕوو پێمان بڵێت:**

**" ئەتانەوێ لەپێناوی دایکی وەتەندا بمرن؟**

**کە وەتەنپەروەران وەك قەحپە سواری دەبن"؟**

**سەریاسی دووەم*.**

**٢٠٠٨-٢٠٠٩**

---

*کارەکتەرێکی ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی) یە.

هەردوو ڕستەی نێو " "یش هەر قسەی ئەوە.

– چەند پۆستەرێکی، لە ژمارە( ٩٢)ی گۆڤاری ( بانە ڕۆژ)دا بلاًوبۆتەوە،

بە ناوونیشانی ( مەرگدۆستی)یەوە.

# چوارینەیەک

## دیلی دیل

"ئـــەسیـــری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشـــمیلـــم
تەماشاکەن چ سەیرێکە بـــەدەستی دیـلەوە دیـــلم"*
کەزیی ئەو ڕادەکێشرێـتو پـرچی دڵـــی منیش پێوە
ئـــــەو زەلـــیـــلی ئـــازادیـــیـــە، مـنی ئـازادیـــش
زەلـــیـلـم.

٢٠٠٨

---

" "*دوو نیوە دێڕی یەکەمی شیعری ( هێمن)ە،
هەر بە نەفەسی (هێمن)یش کردوومەتە چوارینە.

# مەڵۆیەك ڕازیانە...

# بۆ خڕترین.....................،



# مەڵۆیەك ڕازیانە...

# بۆ خڕترین.....................،

### ( چەند گرتەیەك لەکاتی جیاوازدا)

(بۆ کچێك کە ئەوەندە ناسکبوو، دەستنوێژی دەشکاند.

خۆزگە چاوی بە قیبلەو سینگیسی دەبووە بەرماڵم.!)

- ١ -

لە درزی دەرزیلەیەکەوە ..

ڕوانیم بۆ چاوی دەزوویەك،

دۆشدامابوو !

دەستیم گرتو پەڕاندمەوە ..

لە ڕەهەندی ڕێگەی مەمكو

کێوی ( تور )ت،

بێ پایان سوپاسی کردم،

زۆر بەپەلە، ئامادەبوو..

بۆ دورینی ..

ستیانێکی مەیلەو سورت ..،

---

کێوی (تور): ئەو کێوەی پێغەمبەرموسا لە سەرییەوە گفتوگۆی کردووە لەگەڵ خودا.

– ٢ –

ڕاکشابوو لەسەر پشتی.،

وەک کەشتییەکی دەم لافاو...

بە وێنەی نوح...

ڕێم بەوێ کەوت.،

لەسەر بەرزترین ڕازی[١] دا..

گرتم لەنگەر.،

دوای پشوودان،

کە زانیم جێگایێ خۆشەو...

بەهارانەیە بۆ زۆزان[٢]،

بەیاخێکم لەسەر هەڵداو...

لوتکەم بۆخۆم کرد بە بەندەر..،

---

١- ڕاز:لێرەدا بەمانای شاخی بڵند هاتووە.

٢- زۆزان: هەوارگەی کۆچەران .

- ٣ -

**ئەرێ کچێ ؟**

**نیازم وایە..**

**چکێ ماچی تەڕو ئاڵۆز،**

**لە زارو لێوی گوڵینت...**

**لە ئەمشەودا بچنمەوە..،**

**لە بولێڵە،**

**لە کوخارو گۆی مەمکانت..**

**هەر بە لێو.. بیانچێنمەوە.**

**تۆ دەڵێی چی ؟**

---

**بولێڵە:** کازیوەی بەیان .

**کوخار :** سوچ ، قوژبن .

– ٤ –

**تۆ کچێکی کەمانیتو..**

**منیش ژەنیارێکی پڕ چێژ،**

**کە دەست دێنم بە پرچتدا..**

**بۆنو ئاوازی خۆش بڕێژ،**

**بیلەرێنەوە ژێکانت..**

**ئەنگوستم گەشتە گەردنت،**

**تا پەنجۆڵەم دەگاتە جووت..**

**مەمکی بێ سوخمەی بەردنت.**

**- ٥ -**

**شەوێک ...**

**چوومە سەر پلوتۆ،**

**هیچ هەستم بەسەرما نەکرد..،**

**ڕۆژێکیش...**

**چوومە سەر عەتارد..**

**هەر وەختبوو ڕەقببمەوە..،**

**چونکە یەکەمجار مەمکانت...**

**ئاوێزان نێڵەو گڕی بووم.،**

**مەخابن بۆ جاری دووەم.،**

**بێ پرس مەمیلەت فڕی بووم.!**

- ٦ -

ئەی شۆخەکە..

ئای چەند خۆشە!

بێ ئەوەی توش ڕاگوێزان بم

بە گوڵبەژن و..

قەد و باڵای..

کەمانیت و مەمانیتا...

ئاوێزان بم .!

– ٧ –

لێوم وێڵە...

بە دوای ماچی چامەیەکا،

تۆی شەنگ، نووسەرەکەی بیت..،

گەر ماچی کەم...

وەک ئەوەیە..

مەمکەکانتم ڕاموسابێ،

ناشتناسم..

بەڵام من هەر وازنی تۆم..

پێغەمبەریشت ( موسا ) بێ ..!

---

وازن : کەیفو ئارەزوو لێ بوون .

**- ٨ -**

**هەناسەکەم...**

**ئای چەند گەرمە..!**

**لە شەوانی ڕێبەندانا..،**

**بۆ نێوان دوو شاخی بەستوو...**

**سپیی بەفرین...**

**ببەم هانا..!**

**- ٩ -**

**لە پاڵ گۆیێ...**

**بە دەستمەوە بوو گۆپاڵێ..،**

**کە سەرکەوتم...**

**ئەوسا زانیم..،**

**خۆشترە بکەومە چاڵێ..!**

**٢٠٠٧_٢٠٠٨**

---

گۆپاڵ: گۆچان

(خەلاتی سێیەم)ی شیعری وەرگرتووە، لە فیستیڤاڵی ئەدەبیی( شیعر و چیرۆك)،

لە مانگی (ئاب)ی ساڵی (٢٠٠٨) ،(بەنۆنەی ڕۆژی جیهانیی لاوان)ەوە،

کە ( ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی گەرمیان) لەدەربەندیخان سازیکرد.

# دوو شیعری شێوازی کلاسیك

## ڕۆژە کچێ



# ڕۆژە کچێ

بەدەستی ڕووی خۆی داپۆشی،ویستی تەنیام بکات بێ ژن

هەستمکرد نازانێ هەرگیز، ڕووی خۆر ناگیرێ بە بێژن*

چووینە پێشی، لەگەڵ یارانم بۆ تکا، کەچی وتی:

ئەو کەسانەش لە ڕیزی تۆن، لای من وەک وڕێنە بێژن

ئەگەر بشمکوژێ، ڕازیم، وتم: قەیناکە تێمبگرە

ئێوە ناگرن بەرگەم، وتی: مژۆڵانم هێندە تێژن

سوێندم بۆ خوارد، بەچاوانم لە ئەستۆی بگرم تاماوم

پێم ڕازی نەبوو، مخابن، وتی: لاچۆ ئێوە گێژن

وەکو نەمام لەسەر ڕێگاکەی خۆمم ناشت، فەرمانی دا:

کەی ئەمە شوێن داری پیرە؟ لە جێگەیێ تر بینێژن

---

*بە مانای بێژنگ هاتووە

کرنووشم بۆ برد، دەیانجـار، سەیریٚکیشی هـەر نـەکردم دەڵیٚن:زۆریٚك بێ ئاوەز بوون،ئەمەی پرسی ڕاستە ئیٚژن؟ بەزەییت بێ، وتم: شیٚت بووم، وتی: دەزانم شـیٚتـەگـیان یەکەم کەس تۆ نیت، وا بڵیٚی، چەندینی تر زۆر لە مـیٚـژن وایان دەوت، درۆ دەرچوون،گەر تۆ ڕاستیش بکەی،بەلاٚم هـەروەك ئەوانی،ئەزانم،لە گشت شویٚن خـەریك لامیٚژن چـەشـنـی ئـــەوان نــیمو نابم، وتم: دڵنـیـابـــە، هەرگیز عاشـقبوون نازاتنن چـیـیە؟ هەمـیشە هەر لەدوای چـیٚـژن هـیٚـنـدە لـەگەڵی دوامو شـویٚنی کەوتم، تا پـیٚـی وتـــم: کاتژمیٚرێ ڕۆژ نەبـینن، ڕوو لـە مـانــگ دەکـەن، لـیٚـــژن

زۆرم کۆشـا تـا ڕایبـگـرم، بـێ سـوود، ئاکام لیـم تورەبوو

ئـــەگەر وازم لێ نـەهـێـنـی، دەڵـێم بـەردت تـێ هاوێژن

خـۆم قوربـانت دەکەم، وتم: تەنـها ئـاوڕێ تـر بـــەرەوە

پـێویست ناکات ئێستا، وتی: خۆت هەڵبگرە بۆ ڕۆژ جێژن

لە ئـاسـتی ڕۆژە کـچێکـدا، چ (سـەردار)ێـکی بـێ سەرم

سـەیـرە! گـورەشـەم لێ دەکات، بـە چاوانی دامببێـژن

گـەر لەگەڵ ئـەو ڕۆژە نـەبـیت، تەرکی دنیا بکە ( نۆڕێ )

هـەموو، سـاتـێکـی ناهـێـنـێ، بەبێ ئـەو نـەچیتە جێ ژن.

٢٠٠٧

# سەوداسەری

(نامەیەك بۆ.............)



مەیکە پێناسەم بە چاکە و مەیخە پێش ناوەکەم کاکە، هەر من بەستم
مەیخە تەنیشتت کەسی تر، خەستە خەستم، برینداری مەکە هەستم
گرینگ نییە بکەی باسم کە من بە دەست تۆ کەساسم، وەک پەڵاشم
وەسفم ناوێ، لەگەڵمدا بدوێ، وەرە سانا تێبگە لە قەستم
شیعر شێوە، باڵات مێوە، سەر گوڵ پێوە، ڕوومەتت وەک بەفری کێوە
لە خەیاڵما، تابلۆیەکیت لەچوارچێوە، کە دێیتە بەر چاوی مەستم
مەڵێ لە شیعرا لە گەڵێ باڵادەستە، باڵادەستترم لە ماچا
کە ناگەم بە ماچی دەمت، ئەی بەمن چی؟ چامە، خامە، باڵا، دەستم
چەمانت هەر وەکو ئانگون، خودا تایبەت بۆ کوشتنی منی کردوون
مەمت وەک زینیی کردووە، وەکو زینی، کەی بێ؟ بڵێم ئۆخەی گەستم

---

(زینی)ی یەکەم بەمانای (ملەی کێو- بستو )هاتووە. (زین)ی دووەم: (زین)ی ئەویندارى مەم
ئانگو: مێلاق، ئەو تریێیەی بۆ زستان هەڵیدەواسن.

که پرسیم لە حاڵی خاڵت، ناردمتەوە بەدەست خاڵی، چوون نەتزانی
مەبەستم حاڵی خاڵتە یاخود خاڵت، تا زیاترت پیا هەڵبەستم
لە مەمکانی شیعرەکانم چێژ وەردەگرم، چوون زادەی میوانی تۆیە
گەر بێ دەرچێ لە سینەم دڵ، دێتە سینەت، تا زوو بگەم بە مەبەستم
تیرێکت تێگرتم ڕۆژێ، خۆم بە ئەنقەست لا نەدا لێی، ئەنگێوام پێی
بەهیوابووم بێیتە سەرم، بەڵام ڕۆشتی، فریادڕەس نەبوو خۆم بەستم
زۆرم چەشت ئازاری دڵم، بە چاوانت وەک (پسیکە)[1] تۆ پێتبەخشیم
لەبەرچاومای چۆن بمەوێ، چوون بەوتیرەت شێوەی خۆت چاپکرد لەنەستم

---

١- پسیکە: کچێکی زۆر جوان بوو، ئەفرۆدێت ئیرەیی بەجوانییەکەی دەبردو ( ئیرۆس)ی کوڕی نارد بۆ کوشتنی، کەچی ( ئیرۆس )بە بینینی یەکسەر شەیدای بوو و دەستی لە کوشتنی هەڵگرتو دواتریش بوونە هاوسەر.

با خەڵکیش هەموو بزانن خۆشت ئەوێم، مەیشارەوە بە کا کەسەر سەوداسەرتم، بۆت ئەسوتێم، سەرلەبەرتم، دڵمت پێدا هەڵئەبەستم بابەکەت ئاوابێ ماڵی، چەند ماڵی ئاواکردووە، با ئاواکا ماڵی منیش، نەک بچێ بە ئاوا وەرە، تیمارکە برینی خەستم مسوڵمانان کەوتوونە شوێن پێغەمبەریان، بۆ بەهەشتی یەک پەرستی منیش شوێنت کەوتومو تۆش خەڵاتی دۆزەخم دەکەی، بێ دەربەستم! دیبێ هەرکەس باخی سینەت، بینیویە بەهەشتی خودا، چۆن دێوانە نەبێ ( نۆڕێ )، بۆ گەشتنم بە فیردەوست ئەبێ هەرگیز ڕانەوەستم.

٢٠٠٧

# فەلسەفەی عیشق..

# دەچێتەوە سەر فیراق..!



# فەلسەفەی عیشق..
# دەچێتەوە سەر فیراق..!

( داستانی سەمای مەمکەکانی مۆمێك، بۆ لە دایکبوونی مەرگم،
بەڕاسپاردەیی باهۆز، بۆ بوون بە خواوەند. )

**دایکم....**

**قەسیدەیەکی درێژە، پڕ لە زمان..**

**ناخوێندرێتەوە، هێندە تاقەتپڕوکێنە،**

**هەر خەریکی گێڕانەوەی..**

**تەمەننا لە باربراوە حیکایەتئامێزەکانێتی بۆمو**

**نایەنە کۆتایی..!**

**بۆ ئەوەی باشتر گوێچکە تەڕەکانمی بۆ هەڵخەم**

**پەنجە میهرەبانەکانی بەناو قژمدا دێنێت،**

**من وا بیر دەکەمەوە، کە وا بزانێ..**

**گژوگیاکانی دەمو چاوی باوکمەو..**

**بژاریان دەکات،**

**یان، ئەیەوێت پیتچنیان بکات،**

منیش بەدەم گوێ هەڵخستنەوە،

هەر برژانگەکانم لێکدەخشێنم..

جاروباریش،

تۆڕی چاوانم هەڵدەگێڕمەوە، تا بزانم،

ئەو بۆ بیر ناکاتەوە لەوەی کە نییەتی؟!

تێر تێدەفکرم،

لەو دیوی گوڵدانی چاوەکانییەوە..

لە گوزارەی ڕۆحی تینویەوە بە عیشق..

لە قسەخۆشیی پەڕندەیی..

ژنی نێو ژوورە تەنیاکەمەوە،

وردە وردە، بەدەم وەنەوزەکانی..

حیکایەتبێژە (هەزارو یەك شەوە) ئاساکەوە،

حیکایەتەکانی ناو حیکایەتی ئەمشەویش..

برانە ناو خەوەوە،

**منیش،**

**سەرنجێکی دەرەوەی خۆم دەدەم..**

**ساتێک، ئاگام لەو نامێنێت!**

**تێدەهزرم،**

**ئەمجارەیان، لەو دیوی تەنیایی باهۆزێکەوە،**

**دەیبینم، ئامێتە لەونبوون،**

**ئامادە بۆ ژێربالْ!**

**باهۆزێک،**

**جارجار لەشێوەی ژن**

**داتاشراو، لە شێوەی خواوەند**

**بەلاّم، دلْنیا نیم گوێم لەئاوازی کامیانە،**

**بۆیە، من گومانم هەیەو**

**پێم هەزم ناکرێت..**

**تا بیناسێنم بە قەسیدەیەکی زار باراناوی**

**گوێم، قسەی چاوەکانی دەبیسیّو**

**خۆی گێل دەکات،**

**چاوم، هەستی دەبینیّو..**

**ئەوینی دەتوێنێتەوە لە ناخی مەستیما،**

**بەڵام، هێشتا نازانم..**

**دایکم بۆ بیر ناکاتەوە لەوەی، کە نییەتی،**

**ئەریّ، بەڕاست...**

**تۆ بڵێی، ئەوە بیرکردنەوەکانی نەبێت؟**

**کە بە حیکایەتەوە منی پیّ دەخەڵەتێنیّ؟**

**ئاخر..........**

**چڵەگێژەڵووکەی زەیتونی ڕەشی شەڕاوی..**

**ڕەنگە پێویستی بەگەردوگوڵی ئەو بێت،**

**نەک من،**

**بەڵام پێئەچیّ، ئەو پێویستی بەئاوادانی من بێت**

**نەک بە قەسیدەی گوڵخەندەرانیّ..!**

* * *

لەم بینین‌و وردبوونەوەیەم، زۆر دەترسم،
خۆ دەشزانم..
فەلسەفەی ترس‌و ماندوبوون..
دەچێنەوە سەر سەمای هەناسەبڕکێ!
دەیبینم، چەندە ئاڵۆزە لە هەناوی خۆی دا،
هێدی هێدی لە باڵکۆنەکەماندا پیاسە دەکات..
لە گلێنە ڕوونەکانی شوشەکەیەوە..
گوڵی ڕونینیم تێدەگرێ،
چامە پڕ ماچەکەی دەستم..دەبینێ
کە چۆن بەخوێندنەوە دەیخۆمەوە
ئیرەیی دێ
پێدەچێ،
عاشقی هەستکردنم بێ بەتەنیایی..

**باهۆزی تەنیاو تەنیایی لە عیشق..**

**بە هێمنیو بەپیاسەیەکی نازەوە، دێتو دەچێ،**

**پێدەچێ، باش بزانێ چەندە حەزم لە شیعرە..!**

**لەو دیوەوە پێم دەڵێ:**

**من" تریسکۆر"م..!**

**خواوەندی شیعری سترانیو سەما،**

**دڵی پەنجەرەکەتم بۆ واز کە..**

**با لەڕێگەیەوە بێمە عیشقتەوە، لە عاشقیما..**

**دەستەدەستە سەماو ستران بهۆنینەوە،**

**دەڵێ: بڕوانە لە بەژنو باڵام..**

**ببینە، چەندە ئاڵۆزم؟!**

**وەی لەخۆم! چەندە ئاڵۆشم!**

**ئەوەندە زەغیرەم هێناوە..**

**غەریزەی شیعریی هەردوکمان تێر دەکات..**

دیسان دەڵێ:

پێڵووەکانی بەرزکەرەوەو

باوڵی کەشکۆڵت والأ کە ..

ماچی تەلأیی ئاوریشمین‌و

کۆشکی قەلأیی هەورین‌و

عیشقی (ألله)یی ئەبەدیم بۆ هێناوی!

پێمدەڵێ:

توێکڵی خەیاریش بکە ڕایەخ..

با لە سەری، گینگڵ بدەین بۆ یەکتری،

مەڵێ نیوەشەو بە ڕێگەوەیەو بۆ لام دێ،

گڵۆپی ( ئەدیسۆن)یشت نەوێ

میهری ژیریم داگیرسێنە،

هەر وەکو لێزمە بارانێ.

*　　*　　*

**من، سەراپا لە ترسانا دەلەرزم‌و**

**ئەویش، کە دەزانێ لە پێشوازییدا نیم،**

**جارێکی تر،**

**شوانخەڵەتێنانە، دەڵێ:**

**من "ئەفرۆدێت"ی خواوەندی عیشقم..**

**لەدەست گرێکوێرەکانی پەیوەندی‌و**

**شمشێری ( هیفایستۆس)ی هاوسەرم هەڵهاتووم،**

**دیارە، نیازی وایە،**

**باسی چمکێکی خۆیم بۆ بکات،**

**دەست بەگیرفانی ڕووتێتیی خۆیدا دەکات و**

**ڕەنگە بیەوێ، درێژە بە حیکایەتە ئیرۆتیکییەکانی..**

**ئەمشەوی دایکم بدات،**

**دەڵێ: نیوەشەوێ،**

**لەنێو هەنسکی پروشەیەکدا..**

**دڵی ماندوم لە حەژمەتا..**

**تا سپێدە بە ئەستێرە پێدەکەنی،**

**وەختێکیش کە هەڵهات هەتاو..**

**دڵی تەنیام، لەناو لەپی بروسکەدا..**

**تێکرا، بوو بە چۆڕێ ئاو،**

پێمدەڵێ: ڕەحمت ببێ

وا ئێستا، تۆش لای خۆتەوە..

بە کرێوەی چاوەکانت..

ماچیان بکە بۆ تۆپەڵێ..

بۆ مەڵۆیەکی شەختەبردووی بەفرینە..

بۆ ژێر پێی ساتێکی ئەم زستانە،

پێمدەڵێ:

ئیتر، وەختی بەیانیانیش‌و ئێواران

پەنا مەبە بۆ لێواران..

قەراغی دەریاشت نەوێ..

لێو لەسەر کەنارم دانێ..!

* * *

**چیبکەم لە دەست ئەم قسمەتو نسیبەم؟**

**دڵیشم نایێ، دایکم لە نووری خەو ڕاپەڕێنم،**

**دەزانم، لە خەوتنەکانیشیدا..**

**هەر خەریکی بەیەکەوە دوورینی..**

**پارچە پارچەی حیکایەتەکانێتی..**

**بۆ سبەی شەوم،**

**بەڵام، باهۆزیش**

**بۆ ئەوەی ڕازیم بکات،**

**بۆ ئەوەی تێبگەمو بەزەییم بجوڵێنێ..**

**دەیەوێت ژیانم بۆ پێناسە بکات،**

**خۆ من هێشتا دەزانم،**

**ژیان، دۆڕاندنێکە هەر کاتێ بێ..!**

**دەشزانم،**

**فەلسەفەی جوڵانەوەو وەستان..**

**پێکەنینو گریان..**

**دەچنەوە سەر متبوون!**

**بەڵام، هێشتا ئەو پێمدەڵێ:**

**ژیان، جوڵانەوەی خێرایە،**

**لە قوڕگی ئاودا..**

**وەستانە، لە پیاسەی شەقامەکانی ( با ) دا..**

**پێکەنینە، لە هەستانەوەی ژیارێکی..**

**نەفامانەی ئاوەسی بە قوڵ،**

**گریانە، لە ناڵەی شیعرەکانی..**

**پاییزە شاعیرێکی شەوانەدا،**

**پێمدەڵێ:**

**تۆش ئیتر، هەتاکو بژیت..**

**هیچ میوەی بەهەشت وەرمەگرە..**

**دەست لەسەر هەنارم دانێ..!**

* * *

**ئەو هەر دەڵێ و منیش هیچ!**

**ئاخر، چۆن خەوە جوانەکەی دایەگیانم بزڕێنم؟**

**لە تاو ڕەواندنەوەی ترسی خۆم،!**

**چۆن پێی بڵێم: دایکەگیان**

**هەستەو فریام بکەوە،**

**بۆم ڕوونبکەرەوە و ڕزگارم بکە..**

**ئایا بۆ ئەوەی نەمر بم..**

**بە نووسین جاڕی مەرگی خۆم بدەم..**

**یان تەسلیمی باهۆز بم؟**

**چۆن پێی بڵێم: هەستە و..**

**ئیتر چەپکەڕازی حیکایەتەکانتم بۆ مەچنە،**

**نەوەک ئەمە دوا شەوی پێکەوە بوونمان بێت**

**بەڵام، (بەوە)ی ئەم باهۆزەی بۆ ناردووم،**

**هێشتا دڵم نایەت،**

**تەقەڵی دوورینەکانی هەڵوەشێنمەوە،**

**چەپکەکانی بنێژمەوە،**

**بە باهۆز دەڵێم:**

**من دەزانم،**

**فەلسەفەی ژین ..دەچێتەوە سەر ژن..!**

**ئەویش، زیرەکانە دەزانێ،**

**ئێمەی نێر..بە جوانییەکان فریو دەخۆین..!**

**ئەوەتا ئەویش یەکسەر دەڵێ:**

**کەواتە، من"ڤینۆس"ی خواوەندی جوانیم،**

بەجوانیی دەمخەڵەتێنێو

دیارە، دیسان دەیەوێ،

ژیانم بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشتر..

بۆ پێناسە بکاتەوە..،!

ئەوەتا، دەڵێ:

ژیان چێژی گلاسێ نیگا و

لەپێ بەلەک و مشتێ ماچە..

لە کچە جوانەکەی خواوەند..!

بەرکەوتنی بستێ لە نەرمیی پێستمە..

لەگەڵ تامی ڕنینەوەی میوکانمو

نۆشینکردنی پەرداخێ گێلاسی گۆنام،

مژینی چاوە سەوزەکانمە، بەرلە ئۆرگازم..!

دەڵێ:

ژیان.. قوم لێدانی مەمکەکانی مۆمێکە..

کە ( من )م، لە دەمی گریاندا..!

تا دێتە سەما،

دەڵێ:

ژیان..چەشنە ڕاموسانێکی لیکاوی ژێر زارمە..

بە گۆڵمەزێو سادیزمانە،

هەڵگژانە بە قەدپاڵی..

جوتێ شاخی سپی بەفرینی بێ پەروا،

هەموو ئەمانەش لە مندان

تا هەمیشە ئاسوودەبی لە ڕاڕایی..

هیچ وەرزێکی خودات نەوێ..

ژینت ناو بەهارم دانێ..!

*　　*　　*

**ئەی دایەگیان..**

**دەزانم وەک هەموو جارێ**

**نوێژی بەیانی هەڵدەستی**

**بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی دوعاکانت**

**بەڵام ئەمجاریان، دەبینی لە تەنیشتت نیم،**

**ڕەنجی دەغڵی گوزەرانت، دەبینی چۆن دوراوەتەوە،**

**ئیتر شەوانی داهاتوو..**

**حبری لاپەڕەی حیکایەتەکانت...**

**تا وەکو وشک ببنەوە،**

**بە تەنافی کام گوێگردا هەڵدەواسی..؟**

**هەر چەندە تۆ بێ ئاگای لێمو..**

**لای خۆ تەوە..**

**چیرۆکی ( ملیۆنو هەزارو سەد ) شەوەم بۆ ڕێکدەخەیت**

**بەڵام، پێدەچێ من نەتوانم تا سەر**

**گوللەی بەرگریی بتەقێنم دژی باهۆز**

بەڵام، چ بکەم؟

ئەمجارەش..

بۆ ئەوەی زیزی بکەم لە خۆم

بە باهۆز دەڵیم:

تۆ "ئەهریمەن"ی، تۆ "یوترپی"یت..

خواوەندی شەڕ، خواوەندی مەرگەسات!

ئەویش دەزانێ خۆم ڕادەستی ناکەم،

ئەوەتا، دەمترسێنێ بە مردنو بە کوێربوون

دیارە، دەیەوێ بمکوژێ، یا نابینام بکا

بۆم دەگێڕێتەوە.......
لە کۆکەی گوڵە نازناێکا..
دڵی باڵی پەروانەیێ سوتا..
بە حەسرەت یادی نیوەشەوێکی چراخانەوە،

بەردەوامەو لە حیکایەتو دەڵێ:
لە خەیاڵی زرمەیەکی سەر شکاوی چاو ساغدا..
گوڵە جۆیەک برژانگەکانی خۆی کێشایەوە..
لە شەرمەزاری دا ( جۆ )کانو زرمەکەش کوێر بوون!

دیسان دەگێڕێتەوە...
بەفریش ئەوەندە لەناو بەفرەوە هاتوەو چووە..
بەرچاوەکانی تێکو پێک چووەو نابینا،

نەهەنگێکیش ڕەنگە شینەکەی..
گۆڕا بۆ ڕەنگی هاوار..
لە ئەڵقەی کوێرە نارنجۆکێکی بێ ئاگا لە کوشتار..
لە پەلو پۆ کەوتو زراوی ئاوی مەیی!

دەڵێت: وەختێکیش..
گەلایەك چاوەکانی تووشی زەردووی بوو..
بەبێ ئازاری گژوگیا..
بەهاری خوداش لەناوچوو..!!

پێمدەڵێت:
ئیتر تۆ بۆچی خۆت بەدەستی ئەوینم نادەیت؟
دەنا تووشی سزاکەی( سیزیف) یان ( پرۆمێتیف)ت دەکەم،
ئیتر وەرە و.. پێت لەناو نسارم دانێ.

* * *

**بەڵام....**

**من دەزانم، فەلسەفەی ( با )..**

**دەچێتەوە سەر هەناسەی خوا !**

**بەڵام، تۆ بیڵێی: ئەمەش توڕەبوونی نەبێت لێم؟**

**سەیرە! چی کۆڵنەدەرێکە تووشم بووە؟!**

**وردە وردە بەدەم داگیرساندنی تاریکیەوە..**

**خۆی دزییە ژوورەکەمەوە و هەر دێ..**

**پسکە پسکە نزیک بووەوە لە ڕۆحم..**

**لە گوێمدا دەلاڵێتەوەو دەڵێ:**

**با بنووین لەسەر هەناسەی یەکتر..!**

**منیش، ئێستا حاڵی بووم**

**دین‌و مەبەستی هیچ خودایەك..**

**بۆ ژیان نەهاتووەو ..!**

**هەموو هەوڵ‌و ئاراستەیان بەرەو مەرگە.**

**بۆیە، منیش پێی دەڵێم:**

**من دەزانم، فەلسەفەی خەوتن..**

**دەچێتەوە سەر مەرگ!**

**بەڵام، دەشزانم بێ سوودە هەوڵم،**

**پێئەچێ ئەم گێژەڵوکەیە بمبات‌و**

**بمخەوێنێ لە ناخی ترێیەکی تاریکا،**

**ئێستا تێدەگەم،**

**لە تاریکیدا باشتر بیر دەکەینەوە..**

**وەك لە ڕووناکی..**

**ئەی نابینن چەند دەترسین..؟!**

**ئێوەش تەماشاکەن،**

**هەمووتان سەرنج بدەن..!**

**لەگەڵ هەموو نەهامەتییەکانی ژیانمدا..**

**بەم باهۆزەیشەوە کە تووشم بووە..،**

**بەم هەموو هەراوزەنایەی ژوورەکانی مێشکمەوە**

**گەر وا بڕوا و زیندوویش بم**

**دەزانم لەمەولا بەلەنگازتر دەبم،**

**دەزانم هەر ئێستا ( قوتووەکەی پاندۆراس )..***

**لە بەردەمما دەکرێتەوە..!**

---

*(قوتووەکەی پاندۆراس) پڕ بووە لە بەدبەختیو نەخۆشیو ئازارو...هتد.

**بۆیە دەپرسم..،**

**قەسیدەکە بۆ ئەوەندە قورس نوستووە؟**

**بۆ بێ ئاگایە لەم مسیبەتەم؟**

**بۆ پلێ بە دەوری خۆیدا ناخوات؟**

**تا فریادڕەسم بێت..،**

**دیارە، هەر خەریکی فەلسەفەیەی حیکایەتەکانێتی،**

**بۆ داکۆکیی لێ کردنم هەڵناداتەوە؟**

**ڕەنگە دواییش بە زمانێکی میهرەبانانەو**

**گلەیی ئامێزەوە، بڵێ:**

**ڕۆڵەکەمم بە گێڕانەوەکانم بێزارکردو**

**ئەویش، لە نیوەشەوێکدا..**

**وەک لایدەیەک بە تەنیا هێشتمییەوەو**

**نەیتوانی بۆ ئەبەد دەست لەسەر ئازارم دانێ.**

*　　　　*　　　　*

هاش بەسەرم...!

تازە تەواو،

دەستی بەرگریم هێندە کورت بووەوە، وەری..

دڵنیاشم، لە ئاهی هەناسەی دایکما دەبمە قەقنەس،

هەموو شتێک تەواو،

باهۆزم لەپاڵدا پاڵکەوتووە..

لێوانی ناوەتە گۆناکانمەوە،

دەڵێ: دەتژێنمەوە بە ئاوێتە بوونم..

ئەها..بڕوانە،

چۆن لافاوی ماچم..

ڕاپێچی کردووی بەرەو ژیان،

لە لێوار لێوی ڕۆحمدا لێوانلێوی لە گەشکە..

بە ئەسپایی لەنگەرت گرتووە..

بەبێ کەشتیوانێکی شارەزاو مەلەزان،

پێدەکەنی بە شادەمارەکانی جەستەم..

**پێمدەڵێ: ئیتر بە هەمووان بڵێ:**

**من شوێنم لە ئێوە باشترە..**

**دەی، ببزوێ، ببزوێ،**

**پێ لەناوەندی شارم دانێ،**

*          *          *

**ئەو، هەر شت دەڵێو**

**بە بێ ویستم، تا دێ زیاتر بەنجم دەکا،**

**هەستدەکەم، وشەکانی سەرابینو..**

**منیش بەرسیلەیەکی داماو و ئەو دەسم دەگرێ،**

**بۆیە، گومان دەکەم (تاناتۆس) بێ..**

**خواوەندی مەرگ!**

**چونکە، ئەوەتا دەبینم..**

**میلی کاتژمێرەکەش، بەرەو دواوە دەکشێ..**

**لە حەسرەت داستانی ویژدانێک..**

**دەیەوێ تەمەنم بگێڕێتەوە بۆ سەرەتا..**

**بە مووچڕکە سەما دەکات..**

**بۆ گەڕانەوەیەکی کورتی ژیانم، تادێ ماندووتر دەبێ،**

بەڵام گەردەلولیش...

هەر لەتیژکردنی دڕکی نکۆڵییەکانیدایەو

بە تێکەڵاوبوونمان دەیەوێت...

لە دەستی کات ڕزگارم بکات..

نیازی وایە دەلیلێک بم و بەسەر سەرییەوە بژیم!

ئاگای کات نەزانم،

ئەوەتا، چاوەکانی وەها ئەبڵەق بووە..

لە ئاست سەرگەشتەیەکی سەرگەرمی سرکدا..

کە لە دەستی ژیان هەڵهاتووە..

تا پاڕانەوەکانی گوناهبارێکی چاوەڕوان...

بدۆزێتەوە.. بۆ هاودەمی..

دوور لە خواوەند!

**هێشتا ئومێدی دوودڵییەکی خۆشم تیایە!**

**چونکە، ئەوەتا، لەداخی گومانو بێ باوەڕیما**

**خەریکە، خۆیشی تەواو کوێردەبێت،**

**چون زرمەو بەفرو (جۆ)کان..**

**وەختە لەناو دەچێ**

**وەك بەهاری خودایەکی دۆڕاوی مانگی گولانێ..!!**

* * *

خودایە..

تۆوی ڕەحمت لەبەردەمما فڕێ بدە و

بوخچەی میهرەبانیتم بۆ بکەرەوە،

خودایە.. ڕێم نیشاندەو پێمبڵێ:

چۆن تولەڕێیەکی تری مێشکم بدۆزمەوە بۆ دەربازبوونم؟

خۆدەشزانم، نزاکانی هیچکەسێ..

نەونەمامێ لە هەڵکێشان دەربازناکا!

بەڵام، بۆ خۆکەمکردنەوەی بوونمان..

فێرین هاوارت بۆ بێرین و بێدارت بکەینەوە!

چیبکەم؟

داخەکەم، (داڤینشی)یش نەماوە،

تا پێی بڵێم..

سکێچێ ویژدان بکێشێو

منیش بە ڕەنگکارییەکی جوانەوە..

بیچێنم لەم هەرێمە!

ئاخر،

خۆ من دەرزەنێک پاییز پاش ڕۆحدەرچوونی..

دواهێڵی ( پیکاسۆ ) هاتم،

کەچی، گوڵژاکان‌و کوشتنی سەدان جوانەمەرگی..

ئەو سەدەیەم دیوە..

کە ( دالی )و ( سیزان )یش بینیویانە،

کەشکا، ( ڤانکوخ)یش دیبایەو..

ئەوسا، ئیتر منیش..

هەتاوی شانازیم بەتینتر دەبوو بە مەرگەوە..،

بە بێ دڵشکاندنی باهۆز،

بەڵام ئێستا دەزانم..

ئەوە بە وەفایی زەمانەیە..

کە لە دەست دڕندەیی زەمەن قوتارمان دەکات‌و

چیتر ناهێڵێ، دەستە تڕوهاتەکەی..

بە ویستی خۆی ڕامانبژێنێ وەک جۆلانێ

*           *           *

بەلاَم،

هێشتا، ئەو زۆر شتی مەحاڵ دەردەبڕێ،

دەڵێ:

بە ڕاشکاوی لە تەنیشمەوە ڕابکشێ،

تا ژیانێکی تر بئەفرێنین..

تا گوڵ بە هەنجیر بگرین و

پێڵوو بۆ چاوی مار دانێین..

زەڕافە بهێنینە زریکەو...

قیژەو شیوەن بکات بۆ بێدەنگی،

دۆلفینیش تۆزێ بنوێ و

بحەسێتەوە لە سایەماندا..

دیارە دەیەوێ بمباتە( ئۆراکل)*

کە دەڵێ:

با شووشەیێ بۆن لە شەمامەش بدزین..

بۆ نێوانمان لە جێژوانێ.

* * *

* یۆنانییەکان بە شوێنگەلی پیرۆزیان دەوت ( ئۆراکل).

منیش دەڵێم:

بمبوورە، من ناتوانم وابکەم..

من کوڕی ویژدانم..

لە ڕووی نمەئاونگی ژێر بنجەگیاو

خڕی میوەخۆشەکان و

ختوکەدانی ژێرپێستیاندا،

باوکم ناوی لێپرسینەوەی خودە..

من کوڕی ئەودیوی ژیانم،

بە هەڵە خراومەتە ئێرەوە..!

پێی دەڵێم:

من دەزانم،

فەلسەفەی عیشق..دەچێتەوە سەر فیراق!

بۆیە، دەمەوێ باڵ بە عیشق بگرمەوە،

چونکە،

"هێندەی عیشق گرتنەوەی باڵی تەمەنناکانە بۆ فڕین،

لەزەت نییە لە نیشتنەوە!

خودایە ئەم فێلە چی بوو لە ئینسانت کرد!

خوایە لەکاتی فڕیندا بە ئاسمانەوە بمکوژە،

یا لەگەڵ چەخماخەیەکدا لە چاڵێکدا بمنێژە

یا لولمکە بەقەدی درەختێکەوە

تا لەبەرزیدا هەناسە بدەم"*

نەک لە هەناوی باهۆزێکا،

کە نازانم بۆ کوێم دەبا و

لە کونی کام کوندەبەبوودا دەمشارێتەوە.؟

وەک جزدانێ

* * *

""*کۆپلە شیعرێکی (هیوا قادر)ە، لە پێشەکی کتێبی

(بۆنی شەراب لەهەناسەم دێ) نامەکانی ( هیوا قادر و سەحەری ڕەسایی).

لەگەڵ ئەو هەموو زمانی یەکتر گرتنەدا..
هێشتا نە لە ناوچووە، نە لەم ناوە چووە،
دیارە، ئەو دەیەوێ من لە ناو ببا..!

ئەی کێ ناڵێ:
(هێرمێس)ی پەیامبەری خواوەندەکان نەبێت؟
چەندی سەیر دەکەم، پەیامی مەرگمی پێیە !

ئەوەتا، پێم دەڵێ:
خوێنت گەرمە..کە لە تەنیشتمی
ڕۆحت شنەیە.. کە لەسەرمی
ئێسکت و گۆشتیشت شیرینە..کە لەناومدای

ڕەنگە بیەوێ بمخوا..!
یان دەیەوێ، بمدا بە خۆیداو بمبا..

ئەوەتا، خەریکە هەر وا دەکات‌و
دەڵێ:
من ئەوانەم کە دەیڵێم!
هیچ مەترسەو شەرم مەکە..
ئەوانە نیم کە تۆ دەیڵێی..
بەسە ئیتر، شەرم مەکە!

دەڵێ: بەسە ئیتر..،
دەمە دەمم لەگەڵ مەکە..
دەستتم بەرێ‌و..
دەم لە دەمم لەگەڵ بکە..!

سوێند بێ،

بەم هەموو منجەمنجو نەبڕینەوەیەی...

دەزانم، عیشقم پێ تاقی دەکاتەوەو

دەمدۆڕێنێ لە ڕێگەیدا،

سەیرە، لەم خەرابستانەدا..

دەیەوێ، دایکم بە تەنیا جێ بهێڵم،

لەوەش سەیرتر..

عیشق چۆن لەززەتێکی پێ دەبەخشێ..!

وەک حەیرانێ

* * *

وا خەریکە، بە فریوەکانی ڕازیم دەکات،

دڵنیام.. ماچەکانیشی..

بەناوی خۆشەویستییەوە..کۆکردۆتەوە و

هەر بەدەم ڕێوە..

بە زنجیرە، بەسەرمدا دەیبارێنێ،

چونکە، ئەوانە تۆوی ماچەکانی ژیان هەر وا دەچێنن،

ئیتر منیش هێزی بەرگریم پێ نەماو

وا ئەندێشەکانیشم خۆی ڕادەستی گەردەلوولەوە دەدات،

نە خودا ڕێگەچارەیەکی بۆم هەبوو و

نە پەنای بیرەوەریم و

نە دوعا و حیکایەتەکانی دایکیشم داڵدەیاندام

**ئەوەتا، هەردوو پێکەوە دەڕۆین و بە حەواوە**

**بە یەکەم ماچی شیرینی،**

**لەپێشەوەی سەر زمانی..**

**قیبلەی ئیمانم دەگۆڕێ و**

**کوت‌وپڕ دەبمە زارۆکێ!**

**دووەم: ترشە،**

**لە فرمێسکەکانی دەینۆشم..**

**دەستبەجێ پێی کەمخوێن دەبم!**

**سێیەم: تفتە،**

**لە هەناسەکانی خۆم هەڵدەکێشم..**

**کونبوونی گەدەم تووش دەکات!**

چوارەم: پێکێکی زۆر تاڵە ،

لە گەردنی دەیلێسمەوە..

بە تەواوی مەستم دەکات!

بەسەرخۆشی،

بۆ پێنجەمین ماچی دەچم..

لە نزیکی درزی مینای چاوانییەوە

بەبێ ئاگا بەیەکدیدا دەکێشین و

بێڕەحمانە پێم دەخەنێو

بە سیحری پێکەنینەکەی

ئیتر، منیش دەکەوم بەسەر پەیژەی مەرگا!

بەڵام، هێشتا لەتێکی هۆشم لەوێ جێهێشتووە،

لە تەنیشتی دایکمەوە،

لەبەرئەوەی، من هەمیشە لە كۆتاییدا فێر دەبم،
ئەوسا بە تەواوی تێدەگەم و دەزانم..
(تاناتۆس)ە..!
بەڵێ، خواوەندی مەرگ!

لە هەردوو شێوەی پۆرترێتی ژن و پەیامبەر
لە هەناسەی باهۆزێكدا..
خۆی هێمن و سەلار كردووەتەوە و
سەما دەكات بۆ ڕۆچوونم،

لەو كاتەوە،
بۆ هەمیشەیی، لە ڕووی ژیان..
ماندوییێتیم دەردەچێ،
لەگەڵ ڕۆحم!

کاتژمێرەکەش ...

لە سەماکردن دەکەوێ و دەگری،

بۆ ئەوەی کە نەیتوانی..

تەمەنم بگێڕێتەوە بەرەو مناڵی،

دایکیشم هێشتا وا دەزانێ من لە تەنیشتییەوەم،

جارێ بانگی بەیانی نەدراوە

ئەو، هەر خەریکی..

ڕاڤەکردنی فەلسەفەی خەوە!

دایکم، بێ ئاگایە لە من..

منیش لە هەناوی پێنجەمین ماچدام و

لە ئاوێنەی ئاوێتەی (با)دا دەڕۆم،

ئاگام لێیە،

کە چۆن گشت ( گۆ )کان بە خۆشییەوە..

سەما دەکەن، بۆ لەدایکبوونی مەرگم!

وەک پێشوازی فریشتەکان لە مەرگی ئیمانداری

تەنانەت، مەمکەکانی مۆمیش..!

**تکایە، ئێوەش نەڵێن:**
**لە خاچی کاتژمێر دراوە..**

**ئەوە منم، بوومەتە تاجی سەری باهۆزو..**
**بە مردوویيش لە فڕیندام،**
**بەڵام ناهێڵم زۆر بەرز ببمەوە..**
**دەنا وەک ( ئیکارۆس)***
**بە نزیکبوونەوەم لە خۆری بەیانی**
**شلوشاو دەبمەوەو بەدەم مردنەوە دەمرمەوە!**

**بۆیە، بە ناچاری دەچمەوە ناو...**
**سییەکانی مەمکهەڵوەسی درەختێک،**
**تاکو گەر بکرێ، بەهەناسەکانی زیندوویێتیم بگێڕمەوە،**

---

*( ئیکارۆس )ی کوڕی ( دایدارۆس ) کە قسەکەی باوکی بیرچووبوو، بۆیە ئەوەندە بەرز بووەوە و لەخۆر نزیك بووەوە مێو و کەتیرەی باڵەکانی توانەوەو کەوتەخوارەوە بۆناو دەریاو مرد، دواتر دەریاکەش ناونرا ( ئیکاریا ).

ئیتر منیش، کە گەیشتم،
دەست بە کزییا دەێنمو
خۆم لە ملی ڕووتی دەئاڵێنم
زمانیشم لە ناوقەدی گرێ دەدەم

ئینجا، دەچمە ناو دڵی هەرمێیەکی تامەزرۆ،
وەک تامەزرۆییی بەیەک گەیشتنەوەی..
( ئۆرفیۆس)و ( ئۆردیکا)*
دواتریش...
دەچمە سەر ( ئۆلیمپ)و دەبمە ( زیۆس)،
هەر لەوێوە، تا هەتایە،
یەکە یەکە،
دەستدەکەمە ختوکەدانی
هەموو شتە خڕەکانی ژیان..!!

---

*( ئۆرفیۆس)و ( ئۆردیکا )، دوو ئەویندارى یەکتر بوونەو تامەزرۆو ئامادەبوونە بە مەرگیش بێت بەیەکتر بگەنەوە.

**تکایە ئێوەش،**

**گەر دایکم بێدار بووەوە**

**بەسەرهاتەکانی ئەم قەسیدەیەی بۆ بگێڕنەوە**

**بەڵام ئەو ناتوانێت وەك (هۆمیرۆس) بینووسێتەوە**

**چونکە ئەویان نابینا کردووە بەرامبەر خوێندنەوەو**

**هەر بە منداڵی لە قوڕاوی ژیانیان هەڵکێشاوە**

**با وا تێنەگات،**

**لەبەر درێژیی حیکایەتەکانی،**

**من ئەوم بە جێهێشتووە.**

**تێیبگەیەنن ..**

**هەر وەکو چۆن پێش ئەوەی بێم..**

**گوێم لە فەرموودەی هاتنم نەبوو،**

**ئۆغرکردنیشم بەدەستی خۆم نەبوو.**

٢٠٠٨_٢٠٠٩



پۆرتریتی ئەندیشەکانی فڕین

سەردار حەمید (نۆڕێ)

# بڕوانن..!

## مرۆڤ چۆن گیرۆدەی ژیان بووە..؟!



# بڕوانن..!

## مرۆڤ چۆن گیرۆدەی ژیان بووە..؟!

(دڵخۆشبە دڵخۆش..

بەس نییە مردنێك هەیە تەنیاییت لێ ئەسێنێ!)

جەمال غەمبار

دوای ئەوەی ئاوس بووم بە تامزرۆیی مەرگم..

ئەمەوێ لە هەستو نەستو ئاوەزمەوە بژێم..،

پەتی بیرەوەریم هەڵوەشاوەتەوەو ڕامدەچڵەكێنێ..،

ئەو بە پێنووسەكەم دەڵێ:

بۆ وا بەخەیاڵێكی تەختەوە لەسەر پشتت ڕاكشاوی؟

وەك ئەوەی چێژ لە بینینی..

جووتبوونی هەموومان وەربگریت،

پێی دەڵێ: هەستە تۆش ڕابمێنە،
لەبیرەوەری گوێلێ بۆنی ڕەیحانەی
ژێردەست پەروانەیەکی بێ پەروا..
کە ناتوانێ هەڵنیشێ ،
تەنانەت لەژێر ساباتی لەپێ بروسکەش،

ئەیەوێ قەڵەمەکەم تێبگەیەنێ،

لەوەی، کە..

من سەدەیەک لەمەوپێش ویستم..

دەستنوێژ لەژیان بشۆم!

ویستم دابڕزێمە بنکڵشەی مشتێ لەخاکی نیشتمان،

پێش ئەوەی...

پشتی باپیرەم بەر زەوی بکەوێت‌و

درزی تێبخات،

پێش ئەوەی. ..

جیهان شەهید بکرێت‌و

کەس نەڵێ بۆ؟!

پێش ئەوەی،

سەدەیەک لە قوڵایی ئاوەزەکاندا..

مرۆڤ ئیبلیس بخەڵەتێنێ،

لەپێش چەندانی تری لەمانە،

ویستم لێرە بڕۆم،

چونکە، من لە ئەزەلمەوە...

ئەڵێن: گوایە،

لەنیوەشەوێکی تامزرۆییبیانەی دوو نەفەریداو..

بە پێ لەقەی ئارەزوویەکی سەرشێتانە...

بە ئەمانەت،

بە گوێسوانەی ئەشکەوتێکەوە

ڕاگیرکراوم،

ئیتر، تەمەنێک بەر لە جەنگ،

بەدەم گریان‌و خۆشییەکانی دایکێکەوە..

لە لێوار مەرگێکی سپی‌و

بەدەم تلیلی‌و ڕۆشتن بەدەم جوانییەکانەوە..

لە تاریکییەکەوە دەرپەڕێندرامە تاریکیەکی تر..،

لە ژینگەیەکەوە فڕێ درامە ئێرەی ناژینگەوە.،

دەنا بە ویستی ئەستێرۆکی خۆم نەبووە،

کە ئێستا لێرەم...

بۆیە ناشنام بەهەموو ئەوانەی..

لەژێر سێبەری خۆڵەمێشیی خوادا ڕوودەدەن..!

*　　*　　*

ئێستا،

ئەو دەیەوێ ئێوەش تێبگەیەنێ،

که من بەنیازم لێرە هەڵبێم..،

تا چیتر،

لەپێش تەرمی چاوەکانما..

قاقایەکی تر لەبووندا نغرۆ نەکرێت.،

گوڵێکی تر،

بەدەست جوانخەڵەتێنێکی شەهوەتییەوە..

نەکرێتە سیمبوڵ.،

ئێوارەیەکی تر،

بەدەم قەیچییەکی حەسرەتیەوە..

پارچە پارچە نەکرێتو

نەبرێتە ژێر سێبەری هەتاو بۆ هەڵخستن..،

تابانێکی تر،

نەچوێندرێتە چاوی کیژۆڵەیەکی مامزی،

بۆ تۆزێك لەززەت..،

بیابانێکی تر،

نەکرێتە کەللەخانەی

ئەستێرەو مانگو خۆر ،

*　　*　　*

دەمەوێ لێرە بڕۆم..

تا نەبینینی،

نوێژی شەیتانێکی پیاوخوا...

لەسەر بەرماڵی کوفرێکی قرمزی،

لەناو حەرەمسەرای سوڵتانێکدا..

تا نەبینینی،

دووبارەبوونەوەی ژیان

لەناو بۆشاییەکی جەنجاڵدا..

تا نەبینینی،

خۆکوشتنی (چیا)یەکی تری وەنەوشەیی..،

بەدەم یەئسی زیندەگییەوە..

بەرەو کەناری تورەییی و

سەفەرکردن، لەم ماڵی عەزابەوە..

بۆ دیوانی عەزابستان.،

تا نەبینینی، هەڵواسینی مەمکەکانی ژنێك...

به قەنارەی مێینەییبیدا،

لەبەرخاتری ناوبانگی جامبازێك..

تا نەبینینی، کردنی شیعرێکی تر..

بەخانەی خەراب و بوخچەی فریودان..

به ماڵۆچکەی ڕامیاران و کوڵەکەی دۆڕان،

له هەموو عەیامێکدا ،

تا نەبینینی، قامەتێکی تر..

لەنوێژی مەرگی قەسیدەیەکی جەهەننەمیدا..،

بۆیه، ئەمەوێ بەدەم هیجرەتی ـ با ـ وه..

بڕۆمه (یەسریب)ێکی خاڵی و...

کەمێکیش گوزەر لەگەڵ ئەودا ئەزموون بکەم.،

*　　　*　　　*

**بڕۆمو ..... بڕۆمو ..... بڕۆم..**
**بەئاروزووی دڵی نەورەسێ..،**
**بڕۆم بەسەر بەردوچەوی کەنارو**
**سێکوچکەی بەلەمو**
**ورتەورتی لیتەدا..،**
**بەئارەزووی دڵی پەپوولەیێ..،**
**بڕۆم بەسەر پەرچەمی گوڵو**
**پرچی شیلەو**
**هەناسەی هەڵاڵەو**
**لەداجیلەیەکدا ژیان بدۆزمەوە..**
**بۆ چەند وەرزێکی پەمەیی،**
**بەئارەزووی دڵی بێزوکەرێ..،**
**بڕۆم بەسەر هەمبانەی قەیسیو**
**شکۆفەی هەنارو**
**لە مێخۆشی تاقەکانیا پشوویەك بدەم،**

بەئارەزووی دڵی تەوارێ.،

برۆم بەسەر باخی هەورو..

باخچەی کرێوەو

جۆگەلەی هێلانەو

پڕ بە هۆشم هەناسەیەک هەڵمژم .،

بەئارەزووی دڵی ئیمانداریێ .،

برۆم بە ناو...

بەهەشتی نێوان دوو لوتکەی گڕگرتوودا

کە بەماچ دەبەسترێ نەک بەور.،

بەئارەزووی دڵی هوزارێ .،

برۆم بەسەر جۆلانێی گەڵاو..

فرمێسکی مێلاقەو

وەرزی پێکەنینو

نۆتەی سیمفۆنیای ئاوازێکی نوێ دابنێم،

بەئارەزووی دڵی (غەمبار)یش* ..،

بڕۆم بەسەر لەنجەولاری ڕووبارو

هەڵهەڵەی شەپۆلی دەریاو

بەسەر مینای یادەوەریو

هەنگوینی گریانو

بوکێنیی (سولەیمانی)دا..،

بەلاّم دڵنیاشم بۆ هەرکوێ بڕۆم،

هەردەبێ بە مەحکومی بژیم!

---

*مەبەستم لە (جەمال غەمبار)ی شاعیرە.

بۆیە دواجار،

بڕیاردەدەم...

بەئارەزووی دڵی نیشتمانپەرستێک ..

دەڕۆم بەسەر باڵای هێمنی پایزە ژنێکو

لە سنورە تاپۆکەیدا دەنیشمەوەو

وچانێ دەدەم.،

هەر لەوێداو بۆ هەمیشەیی..

قولانجێ لە تەختی سینگی دەکەمە نیشتمانی نوێم.،

تا لە ئاخیرەت دا...

بە ئیمانەوە بچمەوە وەنەوزی مردن.!

٢٠١٠

\

# خودایە..

**لە جوانیو جواناوی (خۆت)م هەڵژەنە.!**



# خودایە..

## لە جوانیو جواناوی (خۆت)م هەڵژەنە.!

(خودایە..(ئیمان)م لێ بسێنەوە و (دایکم)م بۆ بهێڵە..!)

(١)

هەر سەبەتەیەك وشە كۆ ئەكەمەوەو
هەر سینییەك ڕستە ..
لەبەر میهری هەر نورێكدا هەڵدەخەم..،
ئەوە هەستكردنمە...
بە كەموكورتییەكی تری گەردوون
ئەوە هەستانمە..
بە دانانی خشتێكی زێڕینی تر..
لەسەر دیواری كەلاوە نابیناكەی،
ئەوە پرسیارێكی جەوهەری ترە، لەو حەقیقەتەی..
ئێمەی بە كوفرزەدەیی مەحكومكردووە!

(٢)

ئەو دەمەی بەژن زراڤێك
دوو تورەکەی پڕ هەتاوی..
لە بلووریی سنگیدا هەڵگرتووە..
لەگەڵ سەری خۆیدا و..
سەرگەردانە بەدوای گەیشتن...
بەشکاندنی برسێتییەکەیدا .!
هەندێ جار هاوار دەکات و..
جاروباریش،
بەنووزەوە دەڵێت:
کێی تر هەیە برسێتیی بەماچ بشکێ؟
ئەرێ، کێی تر هەیە ؟
برسێتیی بە تیرۆژی من بشکێ،
من ئامادەم، بەخشندەیی بنوێنم لە پێناو مانەوەدا.

(٣)

**هەرکە کەسێک..**

**سیکارت لەکۆڵنجی هەنار دەچەقێنێت و**

**خوێنی دەڕژێنێ..،**

**کە کەسێک**

**زمانی ڕەنگەکانی..**

**پەلکەزێڕینەی دیلکراو دەقرتێنێ..!**

**ئیتر بە چ مافێک بڵێین:**

**هۆ، براکان...**

**لەسەر بستەخاکی گۆڕەکانتان..**

**یەکتر هەپروون مەکەن.،**

**لەبەر بێهۆشیتان،**

**بەخاتری مەستبوون لەناو چێژدا..**

**یەکتر مەهەنجێنن.!**

(٤)

هێشتا نازانم تۆ گوڵی کام باخچەت گرتووە..
من، کە خۆم‌و ژیان‌و تۆیشم دۆڕاند..
هەمیشە دەڵێم: ونم کردوون،
بۆ ئەوەی خۆم پێی نەزانم،
خۆمی لێ گێلدەکەم‌و
هەردەم دەڵێم:
ئەوەتا، خەریکە دەیاندۆزمەوە..
ئەوەتا،
لە تۆولۆی پەڕاو و
لەناو فکرە زەردەکانی تێنووس‌و
لە بنی بنەوەی ڕەشایی‌و شینایی..
مەرەکەبی پێنووسەکاندا..
بۆیان دەگەڕێم..،
کەچی، هەر ناگەمەوە سەرەتای نووسینەوەی دۆڕان‌و
نە لەکۆتاییشەوە دەتوانم دەستی بۆ بەرم..

**ئێمەیەل هەر واین.!**

**لەم جۆرە شکستانەدا،**

**لە دەمی دۆڕاندنی خودەکاندا..،**

**بە نووسین دڵی خۆمان دەدەینەوە،.**

**بەرلەوەی نەفامەکان،**

**چەپڵەو سەمامان بەدەوردا بکەن..،**

**ئەمانەوێ خۆمان ئاشتبکەینەوە،**

**بەخاتری ئەوەی..**

**بەرلەوەی لە ئاویلکەدا، گوێلێ ئاوی جەفا بنۆشین.**

**خۆ دەشزانم مرۆڤ هەروایە.!**

**ئاخر، ناتوانێ هەموو گوڵێکی ژیان..**

**بباتەوە ناو ئینجانەی دڵی خۆی.،**

**هەمیشە، هەندێکیان ون دەکاتو..**

**هەندێکی تریشیان دەدۆڕێنێت.،**

**بەڵام، ئێمە ئەو مرواری ڕازە دەدرکێنین.!**

**(٥)**

**من کە لە سەفەری ناوەوەمدا بەتۆ بگەم..،**

**ئیتر گرینگ نییە،**

**لەسەفەری ژیاندا بەکوێ دەگەم..**

**ئەوانەی بەدەم وەفای فڕینەوە..**

**وەنەوز دەیانباتەوە ماڵی هەورو..**

**خەونی ئەوە دەبینن،**

**لە کوچەکانی ئاونگدا بگیرسێنەوە..،**

**دواجاریش،**

**خەون بەگوزگییەکی دڵسافەوە دەبینن..**

**تا قبوڵیان بکات، لەبەرامبەریدا..**

**جواناوی خۆیان لە ئاسمانەکانی تردا گلبدەنەوە.**

**خودایە، تۆش ...**

**لە جوانیو جواناوی خۆتم هەڵژەنە.!**

(٦)

**دایکیان لێ دزیم..،**

**دایکیان پێ دۆڕاندم..،**

**دایکیان بەزۆر لێ کرێیم**

**دایکیان لێ فڕاندم..،**

**بۆئەوەی بەدەستی بهێنمەوە..**

**بۆ ئەوەی دیسان بە سنگمەوە بنێو..**

**بە سنگییەوە بنێم..**

**بۆی دەگەڕێم..،**

بەڵام.......

من نازانم،

کوێ بۆ دایکم بگەڕێم؟

بە دوای کوێیدا بگەڕێم؟

نازانم، بە دوای کام دایکمدا بگەڕێم؟

لە کوێی فرۆشراوانی نیشتماندا؟

من نازانم ،

لە ناو کام کوژراوانی خونچەدا؟

بۆی بگەڕێم...

چۆن بۆ دایکم بگەڕێم؟

لە کوێوە دەستپێبکەم؟

٢٠١١

ئەم شیعرە لە یەکەمین فیستیڤاڵی " خەڵاتی شیعریی (لەتیف هەڵمەت)" لە گەرمیان، خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵەکەی وەرگرت، لە بەرواری ٢٠١٤/١/٢



# ئەی سپەهی



# ئەی سپەهی*

**( لە شینمدا سوور دەڕێژم، لە سووریشدا شین دەگێڕم )**

**تاکو بگەم..**

**بە میحرابی چاوەکانت،**

**لە ناویانا خۆم ڕابگرم..**

**نوێژ دابەستم،**

**هاوڕێیەتیم لەگەڵ سرشکا بەستووە،**

**چۆن سەرمای شەوی ڕێبەندان..**

**لە نیگای زۆر کازیوەدا،**

**گەر بڕوانی**

**ئاوی لە جۆگا بەستووە..،**

---

* سپەهی: جوان، خوشیک، جوان‌و دڵگیر.

تا بگەم بە لێوانتو
بە گوڵزاری بەرماڵی ڕووت..
تێر بە کامم ماچیان بکەم..،
هاوڕێیەتیم لەگەڵ هەتاوا بەستووە،
تاکو بەناو پرشنگە تامەزرۆکانیا..
بە ڕوخت گەم،
چۆن پەپوولە لەسەر گوڵەو..
لێوی هەلاڵەی گەستووە.

**تاکو بگەم..**

**بە گوڵاوپرژێنی پرچت،**

**بە ڕوخساری پەشێوی خۆمیانا بدەم،**

**تێر بتوانم بۆنیان بکەم،**

**هاوڕێیەتیم لەگەڵ (سەبا)دا بەستووە،**

**تا لە ڕێی هەناسەیەوە..**

**بیانبەستمەوە بە خۆم،**

**ڕێگەت نادەم..!**

**چۆن بە قردێلەت بەستووە..؟!**

**هاوڕێیەتیم لەگەڵ هەستمدا بەستووە،**

**تا بتوانم بە ئاسانیو بەبێ گرێ..**

**لە بەهەشتی زەریای نائارامت بگەم،**

**تا لە ڕێی هەستەکانمەوە..**

**گوێ ڕادێرم**

**لە شیعرو ئاوازو بەستە و**

**مەقاماتی جەستەت بگەم،**

**تا بێمە ناو هەناوتەوەو**

**وەکو خوناو....**

**بە بەیبوونەو لالەزاری..**

**نشێوی ئەو دڵگیرییە مەستەت بگەم.**

تاکو بگەم..

بە هەورازی میوەی حەرامی (باخ)ەڵت،

بە تاسەوە تامیان بکەم

وەکو فرزەند گەمەی پێ بکەم،

هاوڕێیەتیم لەگەڵ مەمکبەند بەستووە،

زۆر حەز دەکەم،

لە قولاّییی بۆتەکانیا گیان بسپێرم.،

چۆن دەنووکی جگەرەیێ

گازی گڕێ دایگیرسێنێ..

ئاقیبەتی بە سووتووە.

٢٠٠٦

**ئاخ..، ئەگەر پیاوان**

**هەموو مرۆڤ بوونایە..!!**



# ئاخ..، ئەگەر پیاوان

# هەموو مرۆڤ بوونایە..!!

( ئەریٚ کەی دەتوانین دەم و چاوی ڕاستییەکان قبولٚ بکەین؟ )

ئیتر تەواو..

ڕەنگەکان کوژران،

قەڵەمی سور ، ئیتر هێڵ بەژێر..

ڕۆشنایی هەڵەکاندا ناهێنێت،

ئیتر منیش..

سەگی ڕوانینم..

هەموو شتێک خۆڵەمێشی دەبینیٚ،

ئێمەی پیاوان...

لەرەی واشەرەکانی عەقڵمان..

لەگوێماندا لەمیوزیک دەچن،

هێندە شل بوونەتەوە..

لە کەوتندان..

کەچی هەر پێیان هەڵدەپەڕین،

هێشتا نازانین..مۆسیقا جادویەکە..

ئەبێ فێری ببین،

**ئەبێ فێربین و بزانین،**

**- مۆسیقا - گریانی (ئامەد)ەکانە..**

**ئەبێ لە ( لا - ڕێ )دا گوێ هەڵخەین و..**

**هەناسەکانیان هەڵمژین...**

**تا ئاوێتەبوونمان..**

**لەگەڵ بنجێ ئاوازی تریفەدا،**

ئاخ....

گەر پیاوان هەموو مرۆڤـ بوونایە..

ئاخۆ، لای ( كاوە)كان..؟

شەبەنگی پێكەوە ژیان چەندە بەرینتر دەبوون؟!!

مێخەكی خەونی ( سنۆبەر )ەكان..

چەندە بۆنخۆشتر دەبوون؟؟!

خشپەی پێی گەڵای پاییزو..

سرتەی نێوان دوو ئەویندارى پەرێشان،

چەند ئەدەبیی‌و

چەندە هونەرییتر دەبوون..؟؟

**ئەوەتا...**

**من سوتانی هەموو شتێک دەبینم..**

**بە خۆشمەوە،**

**کوشتنی خۆم دەبینم..**

**بە ئێوەشەوە،**

**تف لە تفاق‌و تفەنگەکانی تایفەی پەپولەش..!**

ئاخ..!

ئەگەر پیاوان گشتیان مرۆڤـ بوونایە..

ئاخۆ، ( شیرین )ەکان..

لەبزینەی ئاواتەکانیان چەندە شیرینتر دەبوون؟!

هومێدی شکۆفەی ( بێنازەکان )

چەندە بێ ئازارتر دەبوون؟!

چرۆی تۆوی خەونەکانمان..

بەژنی نەمامی هیوامان،

لەعەرعەر چەند بڵندتر دەبوون..؟!

ئاخر،

هێشتا..من

مشکوڵی گوڵەنگی مشکییەکانم پێ چارە نەکراوە..،

ئیتر،

بە پریاسکەیەک سارای تەنیایی‌و غەمگینەوە..

بە مەتارەیەک تاریکایی بەتینەوە ..

بە بارانێکی قوڕاویی ئاوس‌و حەزینەوە..

چیبکەم لەدەست..

پەناهەندەییی خێزانی پرتەقاڵەکان..؟

**هەموو شەوێ،**

**لە بەردەوامی لێزمەی بەرەنیسکەکانیان..،**

**هەردەم، سەرەتاڵی خەوەکانم..**

**لەناو هەرێزی گریاندا..**

**لێ ون دەبێتـو..**

**ئیتر، بۆم گوڵوڵە ناکرێنەوە،**

**منیش...**

**ئیتر هەرگیز، لە دڵسافییەکانی..**

**مێزەری مێزێکی چوار پێیش..،**

**خۆم غافڵناکەم..**

**نەوا، بمخاتە تارماییی خارستانێکەوە.**

**ئاهـــــــــــــــــــــــــــــــ ...**

**هەرچەندە چاوەکانی چەترەکەشم..**

**دوو نەفەرییە، بۆ گریان..**

**بەڵام، لە ئێستەوە..**

**گشت کاتێ..**

**گومانم لە مرۆڤبوونی خۆشم دەبێت..!**

**زۆریش دەترسم..**

**وەك ئەوان..**

**پێڵاوەکانم ئاوێنەی دەموچاوم بێت.**

**ئەرێ، ئەگەر  پیاوان گشتیان مرۆڤـــ بوونایە..؟**

**ئاگری ئەم قەسیدەیە بۆ هەڵدەگیرسا..؟**

**لەجێی شوعلەی کوشتنی ڕەنگ..**

**چیی تر دەبوو...؟؟!**

**کۆتایی ٢٠١٣ _ ٢٠١٤**

**پێشکەشە بە بنەماڵەی ڕۆژنامەنووس (شەهیدی قەڵەم" کاوە گرمیانی ").**

**لە ژمارە(١٦)ی گۆڤاری ( ڕایەڵ) بڵاوبووەتەوە.**

---

کاوە گەرمیانی: شەهیدی قەڵەم، شەوی ٥لەسەر ٦/ ١٢/ ٢٠١٣ لە بەرچاوی دایکی مێشکی دەتەقێنرێت و تیرۆر دەکرێ.

سنۆبەر: دایکێتی.

شیرین: خێزانێتی.

ئامەد: کوڕی شەهید(کاوە گەرمیانی)یە، کە لە دوای شەهیدکردنی باوکی هاتە دنیاوە.

**بۆ زۆر بەڕێز/**

# فەرهەنگی شیعر

## بۆ زۆر بەڕێز/
# فەرهەنگی شیعر.

بەرلەوەی دڵەی ئەستالاکتایتیم*..
وەختی بەربوونەوەی نزیک بێتەوە،
دەچم، لە ناو چەرداخێکداو
بە دیار فەرهەنگێکی نێو ئاوەزی..
کتێبخانە نووستووەکەی (پارکی ئازادی)یەوە،
تاوێک ڕادەمێنم لە بێدەنگییەکەی و
منەی دوو سێ شاباڵی پەتی دەکەم..
بۆ نوێترین باڵگرتنەوەم ..،
بە بان زنجیرەی زنجیرەکانی...
چەند ڕستەیەکی ( گۆڕستانی چراکان)دا،
نەوەک، کاتی داکشانەوەی دڵم،
لە ناو دەریای ناوچەوانی ئاگردا
نەهێڵن تێر بە دڵی باڵەکانم مەلەوانی بکەم.


٢٠١٤

---

*چۆڕاوگە بە بەردبووە شۆڕەوەبووەکانی ناو ئەشکەوتەکان.

# ئەرێ تۆ

# چیت..؟



# ئەرێ تۆ

# چیت..؟

خەیاڵی زوڵفی دەرناچێ لە دڵ، تا دەرنەچێ ڕۆحم
سپێراوە خەزێنەی بەختی ئێمە بەو سیا مارە

مەحوی

ئاخر هەر کەس،
گوڵی بەژنت ببینێتو..
مەراقی هونەر نەیگرێ..!
هاژەی ستەم، لەناو ڕۆحیا...
سەراپای دەتەنێتەوە،
دڵنیایشە، میوزیکی ژین لە تۆ دەچێ..
(بالێ) ی ژیان تۆی تیا نەبی...
باڵۆنی خەونی چرچ دەبێ،

سکێچی ئەوینیش بێ تۆ..

تابلۆیەکە، تەواو ناکرێو..،

ڕەنگەکانی دەبنە هەڵمو..

نەخشەی ژیان لاسەنگ دەکەن،

بە شەنگیتا

مەراقی هونەر نەیگرێ،

گشت جوانییەکی پێ گوناهەو

بێگومانە، کە خوای شیعرو...

خودای جوانییشت دەیگرێ.

٢٠١٣



**بێ هودە.. هەر خەریکی..**

**کۆکردنەوە و لێدەرکردنی..**

**وردە ژیانم..!**



# بێ هودە.. هەر خەریکی..
# کۆکردنەوە و لێدەرکردنی..
# وردە ژیانم..!

(بیرکردنەوەکانم هێندە قورسن، ڕۆژێك دێت زەوی پێی هەڵناگیرێت، بەرگەی ناگرێتو بەو هۆیەشەوە وردوخاش دەبێت..!)

**(سفر)**

**ئەی ژیان،**

**خۆت ئاگات لێیە؟**

**چۆن بە خەفەت..**

**خەفەت کردووم؟**

**یان هێشتا خۆت..لە کلیلی**

**گلەیییەکانی گێلی دەخشێنیت؟**

( یەك)

ئەوەندە شمشێری مەترسی..
لەسەر دەستو پەنجەو ملمە..!
ناچار،
خۆم بە پەلکی ئەو شیعرانەدا هەڵدەواسم..،
کە هەرچی هەوڵدەدەم بیاننیشێنمەوە،
بەڵام، ئەوان..
لە ترسی قسەڵۆکو
مەزاقە قەزەمەکانی زەمبەق،
لە ناو گەمەی شەپۆلەکانی زەریای هەوراو..
هەر بە حەواوەوە،
بۆ خۆیان لە ناو گەمێیەکاندا..
هەر خەریکی تراتێننو داناکەن.

( دوو )

**کاغەزێکیش وەک من دەڵێ:**

**دەستە لەرزۆکەکانی خواناسێک،**

**دەمنوشتێنێتەوە و..**

**سێگۆشەیەکم لێ دروستدەکات،**

**بۆ ڕەوینەوەی ترس و تازییەبارییەکانی..**

**ئەنەناسێکی ڕەبەنی..**

**بەرخیلە لەبەر.**

**( سێ)**

**لە باخەڵی**

**تەرمی شیعرێکی بۆنخۆشکراو بە کوشتن..**

**دەخەوم‌و**

**جۆدەلییەك...**

**لە تابووتی کۆنسێرتی کوفر**

**بە بەرینی گەڵای گشت سەدەکانی..**

**سەرەتاتکێی عەشقی نووسین،**

**بۆ هەمیشەیی بە خۆمدا دەدەم.**

**گەر قیامەتیش هەڵبسێ،**

**هەڵناسمەوە.**

## ( چوار )

**ئەی (نوح)،**
**گوناهی گشتمان بە ئەستۆت..!**
**خەتای تۆیە،**
**هەموو جارێ، بە مێخی زمانیان..**
**کەمەی ڕۆحمان تێکوپێک دەشکێنن و**
**خنجێری مەعنەوییەتیش..**
**لە کالانی دڵمان دەچەقێنن.**
**چ ناخودا* یەکی گوناهباریت..!**
**ئەگەر هەست بکەیت.**

---

*ناخودا: کەشتییەوان، گەمییەوان، گوناهبارو بێ ترس لە خودا.

## ( پێنج )

فڕینم دێ..،
بەڵام چی بکەم؟
داڵێکی بێ باڵم و
دالێکی بێ مەدلوول،
عەقڵی خەساوم کڕ کەوتووە بەسەر..
هەناسە بۆگەنە نەتروکاوەکان و
دەمگرییێنێ بەدیار کێلی کتێبەکانی جەهلەوە،
تازە بە تازە،
داوای هەڵهێنانی..کاکڵەی نەفامییەکانی..
( هەزارەی نوێ )م لێ دەکات.

## ( شەش )

هەموو شتێك بۆ خۆتان..،

تەنێ خۆم بۆ خۆم،

من تەنها..

لە تەنیاییی تەنیایی دەترسم،

بۆیە قەت ناهێڵم..

تەنیا بمێنێتەوە.

**( حەوت )**

**جۆگەلەیەک..**

**بەرەو ( تووری سینا )ی فەرشکراو بە فەرامۆشی**

**هەڵدەبەستم،**

**تاکو چیتر..**

**بوڕاقی بۆفی..**

**تنۆکی چاوەکانی نەڕەژێ،**

**هەموو ( کل )ەکەی دەکەمە تووری سەرک..،**

**بۆ ڕێگرتن لە قژوەرینی..**

**دکتۆر (کلاش)ینکۆف دوور.**

**( هەشت )**

**ئەی شیعر..،**

**دەڵێی مەرگی ناوادەی ئەوەندە زوو حازری،**

**بۆیە ئیتر..**

**دەستکاری سینگت ناکەم،**

**تەنها دەمکاری نەبێت،**

**ملپێچەکەشم لە ملدایە،**

**دەترسم، لە تەمی بێ ئاگاییما..**

**بیکەیتە پەتی سێدارەم.**

## ( نۆ )

جارێ، لەبەر چاوانت دەکەوم‌و
تۆش...
بێ دەربەستی،
بۆ دەر ئەبەستی؟
بێ دەر، بەسییەتی.،
کەرەتێکیش...
بە زوڵفەیلت..
دامئەبەستی،
دەم ئەبەستی،
منیش، چونکە ئەسیری داوم،
لە تۆ...
داوای سێدارە دەوری داوم.

( دە )

من ئەگەر زۆریش درۆ بکەم،
ئەوا، هەر دەبمە سیاسی.،
ئیتر ئەوەندە ناشترسم...
لە باسکردنی هەی کس‌و
چاوە خێلەکانی خێڵی سمێل قەرەقیری،
هەرچەند ئەوانەش..
سەربە ژەهری بن ددانەکانی..
خولخولۆکەی ڕەنگاوین.

## ( یازدە )

بۆ لەمەولا..

خۆم دەپلکێنم بەچەند ئەتوارێکی قۆڕەوە،

وەك،...

وردبوونەوە لە چۆنێتیی مرۆڤبوون،

بە دەمەوەچوونی گوڵەئەستێرەیەك..

لەکاتی بەربوونەوەیدا لەسەربانی تاریکی،

ئاخهەڵکێشان بۆ بەگەڕخستنی..

شەمەندەفەری گریانی گەلێك،

چەندجارێکیش، هەر بە ڕێکەوت بە ڕێ دەکەوم..

بۆ.......

گوێگرتن لە لاواندنەوەکانی دایکێك..،

بۆ دڵتەنگیی خۆی..

بە دیار کۆرپەلە لە پزدان داخزاوەکەیەوە،

**گەڕان بەدوای ڕاستییە سوتێنەرەکان**

**سەیرێکی سەیروسەمەرەی..**

**قەسیدە هەڵواسراوە تاوانبارکراوەکان..**

**بەمردن دەکەم..!**

**دواجاریش......**

.........................

.................................

...........................................

**تەماشایەکی قوڕتری خۆکوشتنم دەکەمو**

**لە سکێچی گۆڕێکدا خۆم دەنێژم.**

٢٠١٣_٢٠١٤

**زۆر سوپاس بۆ پەرلەمانتاران**

**کاك ( محمود حاجی عمر سالار محمود و بێستون فایەق )**

**کە لە چاپکردنی ئەم بەرهەمەدا هاوکارییان کردم،**

**نموونەیان زۆر بێت.**